# بیرەوەریەکانم

E

**فایەق جەمیل**

بێگومان ( ئەلئەکراد ) ەکەی[ رادیۆی بی بی سی] وهاوقوتابیمان عەبدولکەریم مەحمود شێخانی جیاوازێکی زۆر فرەوانی لە گەڵ (ئەلئەکراد ) ی ئیمرۆ هەیە لەوە دانیە لەم چەند پەرانە ئەم جیاوازیانە بەراوردبکرێ هەر هەندە دەڵێم کورد لەم رۆژگارە هەرنەبێ لە سێ کەناڵی تەلەفزیون بەرنامەکانی بەسەر گشت وڵاتانی ئەوروپاو رۆژهەڵاتی ناوەراست پەخش دەکات لەگەڵ وەش هەندێ دڵرەش وناحەزونەفام تا ئیمرۆ ئیدعایان وایە کورد ناگات بەئامانج خۆیان لەرەورەوی مێژووی نەپچراو گێل دەکەن گەر هەزاران کۆسپ وتەگەرەی کەویتە پێش . لەم بارەووتەکانی ( جەواهیر لال نەهرۆ ) ی قارەمانی سەرتاپای هیندو کەڵەپیاوی ئاشتی وئازادیخوازی دونیام هاتەیاد ، لە کتێبەکەی ( کورتە مێژووی دونیا ) – لە سەرەتای ساڵانی پەنجاکان بە عەرەبی بڵاوبۆوە – کە بریتیە لە نامەکانی لە زیندانەوە بۆ (ئەندێرا غاندی ) کیژی ئەگێرێتەوە و ئەنوسی{ چەند هەزار ساڵێکە میلەتێ لە چیاکانی باکوری عیراق و لە باشوور وباشوری رۆژهەڵاتی تورکیا و بەشێ لە ئێران دەژین بە کورد ناسراوون ،ئەم میلەتە دەمێکە هەوڵ وتەقەڵای سەربەخۆیی دەدات لەم رێگایە چەند شۆرشی خوێناویان بەرپاکردو گەلێ قوربانیان پێشکێش کرد وەك شۆرشەکەی شێخ سەعید ( شۆرشی دەرسیم ) کە زۆر بەتوندی وبێ رەحمانە سەرکوت کرا . بەلاّم میلەتێ هەردەم ئامادەی پێشکێش کردنی قوربانی رۆڵەکانی بێت هەربەئامانجەکانی دەگات } ئێمە قوتابی ئەم سەردەمە شاگەشگەی ئەم گوفتارە بووین ئەتوانم بڵێم زۆربەمان دەقی وتەکان ئەزبەر کردبوو وابزانم ئەم کتێبەم بۆ یەکەم جارلای مام جەلال چاوپێکەت .

گەر ئاورێ لە راپەرینەکەی مانگی کانونی دووەم ساڵی948 لەمێژووی عیراق کە بە –الوثبة--- ( ئەلوەسبە ) ناسراوە – بدەینەوە ، خەڵکانی کۆیە لە لافاوی هێرشی حکمڕان بێ بەش نەبوون – جگە لە ماڵ ودوکان پشکنین وداخستنی کتێبخانەکانی شاری – گەلێك مامۆستاو فەرمانبەرو بۆ شارەکانی دی گواسترانەوە لەمان لە پارتی مامۆستایان محەممەدئەمین مەعروف وتاهیر سەعید وکەماڵ عەبدوڵقادروئەحمەد حەوێز هەروها ئەندازیار عەلی عەبدولاّ و هەردوبراکانی عومەروعوسمان و سالح شەمسە وگەلێ دی بەندکران– سامح شەمسە ماوەیێ لێپسراوی کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی سەربەپارتی – بو وابو کتێبەکان پاش بەندکردنی لەلایەن محەممەد شوان شاردرانەوە منیش بێ بەش نەبووم لە شاردنەویان ، محەممەدشوان باوڵێکی تەنەکەی قورس لەکتێبەکان پێراسپاردم کەلەماڵ بیشارمەوە بۆیە دەرفەتێ هەڵکەوتوم لەم ماوەیە بۆ رخسا زۆر سودم لە کتێبەکان کرد، شوان ئەندامێ پێشکەوتوی پارتی بو لە کۆیێ خاوەنی دوکانێ بچوك ئێواران شوێنی راوەستان وکۆبونەوەی مامۆستاورۆشنبیران بو باس باسی سیاسەت ودەنگی دونیا زۆر جار لەسەر ئەم دیاردەیە لەلایەن میری توشی هەرەشەوبەند کردن دەبو ، محەممەدشوان یەکەم کەس بو لە کۆیە مەکینە– تەختی وێنە گرتنی– وێنە بۆ ئیش وکاری خەڵکان لە دایرەکانی میری هینا بۆ کۆیە ، هەروها عەلی موزەفەر مامۆستای زمانی ئینگلیزی گواسترایەوە گەرچی نەکۆیی بو نە پەیوەندی بە حزب وسیاسەتەوە هە بو هەروها گەلێ دی پێم نەزانیوون یا نەمناسیوون ، لە شیوعی یەکان مامۆستا کەریم ئەحمەد – سکرتێری حزبی شیوعی کوردستان – لەم ساڵانە دا – بەندکراو دەستی لەفەرمانبەری کێشرا یەوە هەروها مامۆستا جەلال شەریف هەولێری – مامۆستای قوتابخانەی ناوەند – بەند کراوگواسترایەوە، لە کادرە ناسراوەکان فاتح رەسول و ئەحمەد دڵزار وگەلێ دی ، بەریوەبەری قوتابخانەی ناوەندی (شەوکەتە ئەفەندی ) خەڵکی سولەیمانی وزاوای کۆیان زۆرروخۆش ونوکتەباز گوێزرایەوە بۆ سولەیمانی (حاجی عەبوڵرەزاق ) ناوێ کۆنە ئەفسەرێ عوسمانی خەڵکی موسل هاتە شوێنی ، گێرایانەوە لە کاتی{ دەورو تەسلیم} حاجی گشت کەڵ وپەلی قوتابخانەی بە (

موستەهلەك ) واتە بیٚ کەلك لە قەلەم ئەدا ، شەوکەتە فەندی ووتبوی بۆتۆباشە خۆشت هەر موستەهلەکی .. هەروها کیٚشەی دەبیٚ لەسەر نەبونی سجلی( سادیرەو واردە ) ، هەرگیز ئەم چەشنە سجلەی نەبووە نامەیێ لەم سادرەوواردەی هەڵنەگرتووە دەیوت بۆچیە گەرگرینگ بیٚت تاکیدی ! دیٚتەوە گەرنا هەڵگرتنی پیٚویست نیە !!؟؟ ئەوەی راست بیٚ ئیٚمە وەك قوتابی لەم تەمەنە زۆر سودمان لە حاجی وەرگرت ،دەممان لە زمانی عەرەبی راهات گەڵیٚ رەوشتی باشی فیٚرکردین ورومان لەگەڵ ماموستاکانمان کرایەوە ، مناڵی نەبو بە گشتی مناڵی خۆش گەرەك بوو

لە ناوەراستی ساڵانی چلەکان حزبی شیوعی لە سیٚبەری چەند پیاویٚ سیاسەتمەدارونشتمانپەروەر کۆمەڵەی ( قەلاچۆکردنی سایۆنیزم ) ی واتە بەعەرەبی ( عصبة مكافحة الصهيونية )ی دامەزراند ، لەم قۆناخە دامەزراندنی ئەم چەشنە کۆمەڵە هەنگاویٚ پیٚویست بو لەلایەن حزبی شیوعی یەوە بۆ خۆ دوورخستنەوە لە تومەتی پاڵپشتکردنی بزوتنەوەی سایۆنیزم بە تایبەتی سکرتیٚری حزب ( فەهد ) جوو بو لە هەمان کات کیٚشەی فەلەستین لەگەڵ جووەکان لە پەڵەساندن بوو. حزبە عەرەبە نەتەوەیەکان بەردەوام ئەم تومەتەیان ئەدا پاڵ حزبی شیوعی بەتایبەتی زۆر تەشەنەی کرد کە دەوڵەتی سۆڤیەت لە ( ریکخراوی میلەتانی یەکگرتوو) بریاری دابەشکردنی فەلەستین بە دوو حکومەت حکومەتی فەلەستین بۆ عەرەب ئەمەی دی بۆ جوو پەسند کرد ئەم بریارە کە گەڵی عارەب بە گشتی دژی وەستاو حزبی شیوعیەکانیان هاویشتە قالبی خیانەتەوە ، سەیر ئەوەیە کەوا ئیمرۆ ئەم کورتە باسە دەگیٚرمەوە وا لە رادیۆ گویٚم لیٚ یە پاش ئەم هەمووشەروقوربانی کوشتارومالٚ ویٚران کردن لە مەیان جووگەڵی عارەب لە فەلەستین بۆ ماوەی زاتر لە پەنجاساڵ سەرۆك وەزیری تازە ی دەسەڵاتداری فەلەستین { محەممەد عەباس ناسراو بە ئەبومازن } کەبە رەزامەندی ئەمریکالە حەفتەی رابوردو هاتەمەیدان بۆ وەی بەرەکە لەبن پیٚی یاسر عەرەفات بکیٚشن خۆشحاڵە بەمە کە راسپاردراوە بە پاڵپشتی ئەمریکا حکومەتیٚ فەلەستینی لە ساڵی2005 لە ئیسرائیل ببچڕیٚنی ، بابگریٚنەوە بریاری دابەشکردنی فەلەستین ئەڵیٚم حزبی شیوعی لەم کات بۆی نەبو دژی بریارەکە بیوەستیٚت تەنانەت لەگەڵ نەبیٚت – گەر بریارەکە راست بیٚ ولەبەرژەوەندی عارەب بیٚ یا نا – حزبە شیوعیەکان بە هەزارو یەك بەند بەسترابۆنەوە بە سۆڤی یەت بە گویٚی ماموستا سۆڤیەت چی بریاری دا ئەمەراستە ، بە رادەیەك بوبوە مەسلۆکە کە ( گەر لە مۆسکۆ باران بباریٚ شیوعیەکان لە وڵاتی خۆیان چەتر هەڵدەدەن ... !! )

ە حزبی شیوعی لە عیراق بە دریٚژایی میٚژووی گەڵیٚ جار توشی ئاڵوگۆری بیروراووسیاسەت بۆچوونی جۆراوجۆر بووە جگە لە هەڵوەشانی
نی ولیٚکدابران ، بۆ نمونە هەڵویٚستی حزب لەبارەی کیٚشەی فەلەستین لەدواساڵانی چلەکان وسەرەتای پەنجاکان لەگەڵ هەڵویٚستی
سورایەوە بیٚ ئەوەی هەست و هەڵویستی گەلانی عارەب رەچاوبکەن هەڵبەتە بە گشتی سورانەوی بەردەوام لەبازنەی سۆڤیەت وریٚبازو
بیٚ هەڵسەنگاندنی وتۆژینەوە توشی گەڵی هەڵەوکیٚشەوتەگەرەی دەکردن گۆیا لادان لەریٚبازوبۆچوونی سۆڤیەت خیانەتە بەرانبەر
مارکسیزم وبەرەی شیوعی لەگەڵ وەش هەندیٚ جار کەمەسەلەکە راستەوخۆ لە جەرگەی میلەت ونەتەوەی دەدا لە لایەن هەندیٚ
ەکان هەڵۆیست دەگۆرا بۆ نمونە حزبی شیوعی ئیتالی بە ئاشکراو راشکاوی لە کیٚشەی بەندەرو شاری (تریەستا ) Treista
بۆچونی سۆڤیەتی کرد پاش کۆتایی شەری دووەم ساڵی 945 ودامەزراندنی دەوڵەتی یوگۆسلاڤیای سۆشیالیست بە سەرۆکاتی ( تیتۆ )
م شارە بەشیٚکە لە خاکی یۆگۆسلاڤیا وپاڵپشت کردنی داواکردنی یۆگۆسلاڤیا لەم بارەوە ، هەڵبەتە حزبەشیوعیەکان بەتایبەتی حزبانی
گەڵ ئەم داواکردنەبوون بەم بیانووە کە ئەم شارە گرینگە لەدەست رژیمی ئیتاڵیای سەرمایەدار رزگار دەبیٚ ئەمەش خۆی سەرکەوتنە بۆ
لەدونیا بەلام حزبی شیوعی ئیتاڵی نارەزایی خۆیی زوربەتوندی لەم ریٚبازوداواکاریە دەربری وبلاوی کردەوە کە{ تریەستا} پارچەیەکە لە
یا دەست لیٚ بەردانی خیانەتە بۆ نەتەوەونشتمان چارەنوسی ئەم شارە بە وڵات وگەڵی ئیتالیابەستراوەتەوە ، لە ئاکام دا تەریستا
تالیا .

سۆڤیەت لە ماوەی زیاتر لە سی ساڵ رژیمی عیراق وگەلێ حکومەتی فا شیست ودیکتاتۆر لە رۆژهەللاتی ناوەراست و کێشوەرانی
ڵتانی دی لەسەرانسەری دونیا بە میلۆنەها دۆلار بە قەردی درێژو قازانجی کەم وبێ هیچ مەرجێ پڕ چەکی قورس و سوکی جوراوجۆری
چەکانە بەردەوام دژ خەبات وشۆرشەکان لە پێناو ئازادی و
ومافە نەتەوەیی ودیموکراسی گەلان تا ئەم رۆژگارە لە لایەن ئەم دەوڵەتە فاشیستانە بەکاردێت وانیە عیراق نێزیکەی هەشت میلیار
ری دەوڵەتی ( روسیای یەکگرتو )وە –میرات گرِی دەوڵەتی سۆڤیەت سێ چارێکی بۆ چەك کرین دەگەرێتەوە ، جگە لە پاڵپشت کردنی ئەم
لە مەیدانی سیاسی وئابوری ودیپلۆماسی لە گشت پەیوەندی و رێکخراوانی نێودەوڵەتی بێ ئەوەی جارێ حزبێ لە شیوعیەکان دژ ئەم
وتەونابوارەی یەکێتی سۆڤیەت نزە یا چرپەیێ نارەزایی دەربرِی ، لەیادمە کەلەگەڵ شیوعیەکانی رابەرو پێشکەوتو لەم بارەوە روبەرو
میان لەم سێ خاڵەی خوارەوە نەدەترازا :

1– یەکێتی سۆڤیەت سیاسەت ورێبازی خۆی لە چوارچیوەی دەوڵەتە زلهێزەکان نەخش دەکات ,
2– یەکێتی پێویستی بە (پارە قورسەکان ) هەیە بۆ پێشکەوتن وپیگەیاندنی دەوڵەتی سۆشیالیست بە تایبەتی لەبارەی پیشەسازی وکشت وکاڵ ئەمەش خۆی لە بەرژەوەندی ئادەمیزادو رژیمی سوشیالیست لە قەلەم دەدرێ
3– یەکێتی سۆڤیەت لە پێناو ئاشتی وئاسایش لە دونیا وپاراستنی سنوری پێویستی بە دۆستایەتی وهاوپەیمانەتی وهاوکاری دەوڵەتانی دی هەیە بە تاییەتی لە رۆژهەلاتی ناوەراست ، بۆ زیاترروونکردنەوەی هەندێ رووی چەپەڵ وناپەسندی یەکێتی سۆڤیەت ئاماژە بۆ وتەکانی ( کەریمی حیسامی ) – چەندین ساڵ ئەندامی لیژنەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئیران بووە نوسەروروناکبیرو پێشکەوتنخواز لەم سەردەمە جێنشینی ولاتی سوید -- دەکەم لەبارەی ( نەخشی ناپیرۆزی یەکێتی سۆڤیەت ) بەرامبەر کۆماری کوردستان لە مەهاباد سالی 946 کە لەراپەرە 285 لە کتێبەکەی بەنێو (پێداچوونەوە ) دەق دەڵێ : { سیاسەتی شورەوی کەپەیوەندی لەگەڵ مەسەلەی کورد هەرئەوەنەبوو لەبواری یارمەتی ناردنی چەك وکەرەسەی پێویست بەڵێن وقەولی خۆیان نەبردەسەر هەرئەوەش نەبوو کەلەساردکردنەوەی روی شۆرشگێری وپەلاماروبریاری بەرگری وهێوا بەخۆبونی رێبەرانی کۆماری کوردستان نەخشێکی ناپیرۆزیان هەبوو، بەلکو ببونە بنەمای ئالۆزی مەسەلەکەوبزوتنەوەی کورد کرابووبە بارمتەی سەوداو مامە لەوکێشەی نێوان شورەوی وئینگلیزو ئەمەریکا ...}

پارتی دیموکراتی کوردستان بەردەوام لە ئەدەبیات ورۆژنامەو گۆڤارەکانی حزب پاڵپشتی گەلانی خەباتگێرو چینەچەوساوەکانی دەکرد لە پێناو مافەرەواکانیان خۆی بە حزبێ پێشکەوتنخواز دەنواند لەهەمان کات بۆ ماوەی چەندین ساڵ حزبی شیوعی بە گشتی لقی کوردستان بەتاییەتی پارتی بە رێکخراوێ دۆست لە قەلەم دەدا تا رادەیێ لەماوەیەك هەندێ لە ئەندامانی پیگەیشتوی نارده نێو رێزانی پارتی بە حسیێی رابەری بیروای ئەندامانی خوارەوەی بۆ بەردەوام بونی رێبازی پێشکوتنخوازودۆستایەتی نێوانیان . سرنج کێشە ئەم رفتارەی حزبی شیوعی لە گەڵ پارتی وحزبانی دی لەعیراق نەك هەرسەری نەگرت بە پێچەوانە لە ئاکامی دروشمی ( ئەوەی لەگەڵمان نەبێ دوژمنمانە ) کە لەماوەیێ حزبی شیوعی بەرپای کرد بەتاییەتی لە سکرتاریەتی { حەمیدعوسمان و جەمال حەیدەری} دووبەرەکی وناکۆکی لە مەیان حزبی شیوعی وحزبەکانی دی تەشەنەی کرد هەڵبەتە ئەم رێبازە چەوتە زەرەرو زیانی بە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان وعیراق گەیاند لە هەمان کات بووە هۆی شکان ولێکدابران وپچرِپچرِبوونی خودی حزبەکەیان .

لە سالانی چلەکانەوە بەردەوام گوێیسی ئیسگەی رادیۆ کوردیەکانی ئێران دەبوین لەمانە رادیۆی دەنگی کۆماری کوردستان لە مهاباد هەروها هی سنەوکرمانشاە وتاران – بەشی کوردی – ئێواران بەدیاررادیۆ دادەنیشتین بۆ گۆرانی و سروودو ئاوازومۆسیقاوپارچە شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی و نالی وشاعێرە دێرینەکانی کوردبە بە دەنگ و سۆزو

سەدای ( شوکرولا بابان ) ، جارجار وتاری تەندروستی وکورتە چیرۆك وگەلێ بابەتی دی جگە لەدەنگ وباس بە زمانێ زۆر رەوان پەخش دەکرا ئەم رادیۆ کوردیانە زۆر سوودبەخش بون لە هەمان کات زۆر پێ خۆشحاڵ دەبوین .

. شاری کۆیە خنجیلەودلگرورەنگین ، شاری کەیف وسەیران ورابواردن ، چوارەمین شار بو لە کوردستان پاش کەرکوك وهەولێرو وسولەیمانی ، دووەمین ( قەزا ) لەهەمو عیراق پاش ( نەجەف )،مەڵبەندی کوردایەتی ونشتمانپەروەری وئەدەب وهونە رە جوانەکان وزانیارەکانی ئایینی ، شاری شاعیری دێرینی نەمر حاجی قادر ی کۆیی و وئەدیب و زانای پێشکەوتنخواز مەلای گەورەی کۆیە ( مەلا محەمەدی جەلیزادە ) وکوری گەورەی مەسعود ئەدیب ونوسەرو زمانەوان وپسپۆر ، جگە لە شاعیران عاسی و عەونی . شاری ( حەمە ئاغا ) ئەدیب و سەرۆکی بەرەی غەفوریان ودەسەلاتداری کۆیە ، جیگری کوری گەورەی کاکە زیادی کوردونشتمانپەروەر ، شاری ( مام جەلال )لەسەرۆکانی گەلی کوردلە کوردستانی عیراق .

.

چیای هەیبەت سوڵتان – ئەیوب سوڵتان – ئەبێ یەك لەگەورانی سوپای ئیسلام بێ لەم بەرە کوژراوە هەر لەم قەد ئەم چیایە نێژراوە ، ماوەکی زۆر خەڵکانی ناوچەی کۆیەو رانیە بەتایبەتی زیارەتیان دەکرد ، لە یادمە جارێ سەردانم کرد ، گۆرێ زۆر درێژ لە ناو ژووری نابوت وەك زۆربەی گۆرەکان بەناو سەحابەکانی عارەب .

کۆیە لە رۆژهەلا ت ورۆژهەلاتی باکور ، چیای هەیبەت سوڵتان دەورەی داوە ،رۆژئاواورۆژئاوای باکور چیای باواجی، بەرەی باشوروباشوری رۆژهەلات ورۆژئاوا هەندێ گردوتەپۆلك ودەشتی لی ٚهەڵکەوتووە ، وانیە حاجی نەمر لە پارچە شیعرە غەریبیەکەی لە ئەستەنبوڵەوە دەڵێ :

لەمابەینی کەکۆن وهەیبەت سوڵتان
شنەی ئێواران وسایەی سبەینان
گوڵی حاجیلەکانی دەشتی هامون
نەکەی بیدەی بە نێرگز جاری گەردون

کەکۆن بەشێکە لە باواجی .

چنارۆك – چەند رەزوباخ وکانیاو کەوتوتە قەدی ئەودیوی هەیبەت سوڵتان هاوینەهەواری خەڵکانی شاری کۆیە تەنانەت گەلێ خێزان خاوەنی رەزوباخ وکانیاوی تایبەتی خۆیانن ، خیزانی مەلای گەورە – خاوەن رەزو باخ وکانیاوەکی فرەوان – هاوینان تا پایزێکی درەنگ لە چنارۆك دەمانەوە بە تایبەتی کوری گەورەی مەسعود هەروها ماڵی خەزوری براگەورەم کەمال( مام ئەمین وپورەهەمین ) ، هەندێ رۆژان لەبەرەبەیان بەسەر هەیبەت سوڵتان دەکەوتم خۆم دەگەیاندە قاوڵتی – نانی گەرمەسێر وهەنجیری گەییو ماستاوی ساردی کوڵکن – ئینجا چای سەنگینی شەکری قەند، هەروها گەلێ لاوو پیاوانی کەیف ورابواردن لە نێو کەپرو باخ ورەزان تا رۆژئاوا کاتیان دەبردەسەر لە هەمان کات گەلێ خێزانانی کویی و لەم دوایەدا هەولێریش بۆ هەواگۆرین ورابواردن روویان تێ دەکرد ، لە قەدودامێنی چیا چەند چایخانەوچێشتخانەی بچوك هەبوون بەتایبەتی بۆ رێگاوبانی رانیەو قەلادزەو دەشتی بتوێنێ ودەروبەری .

کانیاوی ( حەمامۆك ) گەورەوبەتێن وسارد یەکسەر لەبن چیای باواجی هەردەقوڵی جۆگە ئاوێ فرەوان وبەتەوژم لە دامێنی رێی دەکات گەلێ ئاشی ئاوێ کەوتووەوە بەر ، بیناوتەنورەو بەردە ئاشەکانیان مابوون کۆر بوونەوە لەبەر پەیدابوونی ئاشی ئاگر کە لە دوا ساڵانی چلەکان ( حەمە سەعید ) یەك لەم ئاشانەی لە کۆیە دامەزراند خۆم لەم ئاشە باراشم لێ کردووە ، حەمامۆك زربەی رەزوباخی کۆیە ئاودەدات هەروهاشاری کۆیە بەدرێژای مێژووی تائەم رۆژگارە

ئاوی لیّ دەخواتەوە بۆ چاندنی کشتوکاڵ وسەوزەو کاروباری ناو ماڵ بەکاردێت ، لەوەرزی هاوین سە رچاوەو رەزوباخی حەمامۆك هاوارگەی سەیران وئاهەنگی خەڵکانی کۆیە  لە دڵ ودەرونی خەڵکان چەسپا وە لە ئەدەب وشیعروهونەر وژیانی رۆژانە رەنگی داوەتەوە   هەروەك گۆرانیەکانی تایەرتوفیق . لە یادمان نەچیّ _ تاتوکان وتەمتەمان و باخی ئۆمەرخوچان وسەرشوران وگردی کۆنەقشلەی کۆیە شوێنە گشتیەکانی شاری کۆیە بوون .

شاری کۆیە لەچەند گەرەکێك پێکهاتبو لەوانەی لە یادم بن گەرەکی بەفریقەندی ، بایزاغا ، قەڵات وهەواوان، گەرەکی بەفری قەندی لە گشتیان فرەوان وپاك وخاوێنتر زۆربەی خێزانانی فەرمانبەروماموستاوخوێنەوارورۆشنبیر دانشتوی ئەم گەرەکەبوون هەروها سەرای قایمقام ودایرەکانی حکومەت ونەخۆشخانەوقوتابخانەی یەکەمی کۆیە . سێ گۆرەپانی یاری وگەمەی منالآنی کەوتوبونە ناو کۆلآنەکانی ، گۆرەپانی کەریم اغا و جاسم اغا وگۆرەپانی بەردەمی سەرا ، ئەوەی لەیادم بیّ لەناو کۆیە (28 ) مزگەوت و دوو تەکیە ودێرەکی جوان هەبوون لە گوندی ( هەرموتە ) ی مەسیحیەکان نێزك شاری کۆیە کەنیسەیەك هەبو لەیادم نیە گەرلەناوشار هەبوبێت .

مزگەوتی گەورە کەوتوتە ناوەراستی شار  دەرگای گەورەوسەرەکی لە سەر گۆرەپانیّ هەڵکەوتووە بەرانبەری چایخانەکەی ئیسماعیل عارەب لەم لا ترەوە رێزە دوکانیّ بریتی بو لە نوسینگای باوکم بەتەکیەوە دوکانیّ تازە باو بەناو تایەر عەزیز بەتەکیەوە دوکانی خمچی خاوەنەکی دوو جووبوون هەروها سیّ شەقام دەورەی دەدا شەقامی بەردەرگا گەورەکی کە بەشێکە لە گۆرەپانەکەی بەردەمی ئەمی دی لەراستی یەوە بۆ ناو بازار سێەمیان لەلای چەپی یەوە بەکۆلانی کورتان دروان ئەناسرا ، دەرگا بچوکی پشتەوە یەکسەر لەناوبازار دەکرایەوە ، بیناکەی بەبەردو گەچ وکەرپوچ لەسەردەمی عوسمانیەکان دروست کراوە ، مزگەوتیّ فرەوان و رێك وپێك وپرلاخ ، هۆلی مینبەرو نوێژی جومعان زۆر گەورە رازاوە بەنەخش وئایاتی قورئانی پیرۆزی زۆر جوان ونایاب بە قالی و مافوری جۆراوجۆر داخراو هەرسیّ دەرگای هۆڵەکە بە پەردەی ئەستوری قوماشی سەوز بە پەمۆ دروا و داپۆشراو بۆ پاراستن لە سەرماوسۆلی وەرزی زستان،نەخشاو بە مانگ وئەستێرە ،حەوشی مزگەوت پان وبەرین بە کەرپوچ داخراو قولەتێنیّ گەورە کەوتوتە ناوەراستی حەوش ، گومبەتی مزگەوت  بەرزوبەکاشانی سەوز داپۆشراو ئەمەندە بڵند بو لەزۆربەی سەربانانی خانوەکانی کۆیە دیاربو ، هەیوان وحەوشەوسەرقولەتێنەکە شوێنی حەسانەوەی هەژارو بیّ جیگا بو بەتایبەتی لە شەوانی وەرزی هاوین ، لە بۆنە جەماوەری وسیاسی وئاینی یەکان شوێنی کۆبونەوەو خۆپێشاندان وئاهەنگی جێژنی لەدایك بوونی پێغەمبەر بو.

گەرچی لەسەردەمی قوتابخانەی سەرەتایەوە ناوناو هاموشۆی دووتەکیەم دەکرد ، تەکیەی تالەبانیەکان لە کاتی سەردانم بۆ مام جەلال تەکیەی[ شێخ سەدرەدین ] بەهۆی دۆستایەتیم لەگەڵ کورانی مەزهەرو عەبدولکەریم – ناسراوبەبابەکەریم ،بێگومان تەکیەی دی هەبوون شارەزاییم لیّ نەبوون .

بازاری کۆیە لەبنەرەتا لەدووقەیسەری پێکهاتبوو ، قەیسەری کۆن وقەیسەری نویّ ، شار گەورەتر بوو خەڵکەکەی لە زیادە دابوون دوکانەکان لەچوارچیوەی هەردوقەیسەری ترازان گەلیّ دوکانی تازەو ورێك وپێك لەسەر شەقامەسەرەکیەکانی شار کرانەوە گشت جۆرە کەل وپەلی ناوماڵ وجل وبەرگ وپێویستیەکانی ژیان لیّی دەست دەکەوتن ، چەند دوکانیّ بەرچاوو پەرلاخ وتازەبابەت  گەلیّ شت ومەکی تازەیان بە خەلکی کۆیە ناساند لەمان دوکانەکەی ( عەبدولقادر محەممەد ) ناسراوبە ( بابەکە ) دوکانی ( تاهیر عەزیز ) دوکانی ( عەلی محەممەد ئەمین ) ناسراو بە (عەلی رەش ) ئەم دوکانانەوچەند دوکانیّ دی رۆلێکی تەواویان دی لەبلاوکردنەوەی مۆدێلی تازە لە جل وبەرگ وپێلاو شت ومەکی ئافرەتان ولاوان  بۆنمونە کراسی پیاوان لە مارکەی _ هالیفاکس وتوبای تو ، بۆینباغی تۆتاڵ  پێلاوی بارێتی      ئینگلیزی ، سابونی لۆکس وپارمۆلیف ، پانتۆلی سەرج وگەبەردین گەلی دی ژنان ومنالان ، لەلایەکی دی دوکانی فەتاحی مەلا تۆفیق تەرخان بو بۆقوماشی جۆراوجۆری ژنانی تازەباو زۆربەی لە کوردستانی رۆژهەلآتەوەدەهات

گەڵێ خێزانانی کۆیی بەتایبەت مامۆستاو فەرمانبەرومەعاش خۆر بەقستی سەرەمەعاش خۆوخێزانیان لەم دوکانانە پۆشتەو پەرڵاغ دەکرد، لە هەمان کات دوکانەکان بەتایبەتی دوکانی تاهیر عەزیز پاش نیوەرۆ ئەبونە شوێنی چاوپێکەوتن وکات رابواردنی مامۆستاو فەرمانبەرانی ناسیاوودۆست هەرلەم مەیانە ئەکەوتنە باس وخواسی سیاسی وکۆمەلایەتی وروداوەکانی شار .

لە پیشەسازیە بەرچاوو ناسراوەکان ، لەبەربەران ( وەستا مەعروف ) – باوکی مامۆستا محەمەدئەمین- لەدارتاشان ( وەستا حوسین ) – لە هێرشەدرندانەکەی حکومەتەکەی عەبولسەلام عارف بەسەر خاکی کوردستان لە حوزەیرانی ساڵی 963 وەستا حوسین یەك لەبەندکراوەکان بو لە گەڵ ئێمەوسەدانی دی لە بەندیخانەی سەرای هەولێر-

لە نانەوایان (مەلا تەها ) لە کەبابچیان (وەستا محەممەد ئەمین ) ناسراو بە محەممەدە مین گۆجە لە بەرگدروانی جلی کوردی ( مامەی خەیات ) لە ئاسنگەران ( وەستا ئەحمەد ) لە پێلاوفرۆشی تازەباو ( جەمال عەبدولوهاب ) ناسرا بە جەمالی وەهابە کەڕ لە قەسابان ( مەغدیدی قەساب ) لە توتن وجگەرەفرۆش ( عومەر ) ناسراو بە عومەر دوسەر لە چایچیەکان ( محەممەد محەمەدئەمین ) ناسراو بە حەمەگەمحان و( ئیسماعیل عارەب ). چایخانەی حەمەگەمحان هاوین وزستان مۆنجەی لێوەدەهات هەمیشە پاك وتەمیز حەمە خۆی خوێندەواروروۆشنبیروچەپ رەو چایخانەکەی مەڵبەندی کۆبونەوەی لاوان وقوتابیان ورۆشنبیران رۆلی لەژیانی کۆمەڵایەتی بەدی دەك هەروهالەبلاوکردنەوەوناساندن بە گۆرانیەکانی محەممەد عەبولوهاب وئوم کەلسوم وابو شەوانی گشت سێەمین پێنج شەممەی مانگ ئوم کەلسوم لە شانۆی ( پیکادیللی ) لە قاهیرە ئاهەنگی دەگێرا بەرادیۆ پەخش دەکرا لەم شەوانە خەڵکانی لاورۆشنبیروخاوەن زەوق لای حەمە تابەرەبەیان بۆ گوێی گرتن دەمانەوە جگە لەخێزانە خاوەن رادیۆ لە ماڵ بۆی دادەنیشتن ، حەمە ئاگاداری گشت بەرنامەکانی ئیستگەی لەندن وقاهیرە بو بۆیە گەڵێ شەوان تادرەنگ دەنگ وسەدای هەردوگۆرانی بێژ لەناوچایخانەکەی ئەزرینگایەوە من بەش بەحاڵی خۆم یەکەم جار هەستم بۆ گۆرانیەکان لە چایخانەی حەمە بزوت ماڵمان لە چایخانەکە دوورنەبولە دوایی دا وام لێهات شاگەشکەی گۆرانیەکان بووم بەدوای دەگەرام بەتایبەتی گۆرانی ( گەندول وکیلوپاترەو کەرنەك ) گۆرانیەکانی ئوم کەلسوم ( رباعیات الخیام ورق الحبیب وانت عمری ...) گەڵێ دی .

چایخانەی ئیسماعیل عارەب دووەمین چایخانەکانی شاربوو شەو زو دایدەخست پیاوانی بەتەمەن وفەرمانبەرانی خانەنشین وکۆنە پیاوانی عوسمانی لەوێ بەتاوڵەوگوێ لەرادیۆودەنگ وباس دەخافلان ماڵمان ونوسینگەی باوکم لە دەوروبەری چایخانەکەبوو، زۆربەیانی لەکاتی چوونە قوتابخانەم بەرانبەر چایخانەکە پێی خۆم قورس دەکرد بۆ گوێگرتن لەدەنگ وباسی سەعات هەشتی رادیۆی (لەندەن ) گشت بەیانیان –عەزیز – خوشکەزاو بەرێوەبەری چایخانەکە بەدەنگێ بەرز دەیکردەوە وادەبوو لە رێزبون وسرودەکانی بەیانی قوتابخانە دوادەکەوتم ودوسێ دارم لە بەرێوەبەری قوتابخانە یا مامۆستاکەم دەخوارد .هەڵبەتە گەڵێ چایخانەی دی هەبوون بەتایبەتی لە وەرزی هاوین لەنێورەزوباخەکانی دەراوپشتی شار لە مانە چایخانەی ( تەم تەمان ، کانیلە ، حەکیم ومام زرار ) هەندێ لەم چایخانانە لەووەرزی زستان لە نێو شار دەکرانەوە ، لەپلەی خوێندنی ناوەندیم لە وەرزی هاوین لە گەڵ قوتابیانی برادەروهاوپۆلم هاموشۆی چایخانەکانم دەکردبە کتێب خۆێندنەوە وگفتوگۆیاری تاوڵەودۆمینە رامان دەبوارد .

رەنگە باسەکەمان لە کورتی دات گەر ئاماژە بۆ (مەیدانی کەران ) نەدەین ! مەیدانی کەران گۆرەپانێ بوو لە هەرەخواروی بازاری گەورەی کۆیە ، کەرو رەشەوڵاخ ومەروبزن و گاوگۆلك و دابەستەو کەلەشێرو مریشك وکەووکۆترو گەڵێ مەل وئاژەڵی دی رۆژانە لەم مەیدانە دەکڕان ودەفرۆشان ، مەیدانی کەران رۆلێکی تەواوی لەبارەی بازرگانی وکشتوکاڵ وریگاوبان و هات وچو ژیانی کۆمەلایەتی بەگشتی هەبوو ، لەم مەیانە چەند کەسێ شارەزا لە ( عیلمی ) !! .. کڕین وفروشتنی کەرورەشەوڵاخ پێان دەگوت

(جامباز ) دەوری خۆیان لەم مەیدانە دیت زۆربەیان فێلبازوکلاوچی گەڵێ جار کرمانج وخەڵکانی نەفام وساویلکەیان هەڵدەخەڵاند هەرنەبا بیبەری رەشیان لە- هینی-..!! کەر دەکرد کەری بەسەزمان لەتاوان تۆتکەی نەدەگرت بەچوارپەلی هەردەزەقیەوە گۆیا کەرە زۆر بزێووبەتێن وبەکارە ...!!

بازرگانی وهاتوچووریگاوبان لەگەڵ ناوچەی رانیەوپشدەرو لەوێش بۆ سەردەشت وشنۆوساباڵاخ وشاروشارۆچکەکانی کوردستانی رۆژهەلاّت بە کاروانی ( حەمە غەریب و مام قادر ) تارانیەوقەلادزە بەردەوام بوو جگە بە ئوتومبێل بۆ هەولێروکەرکوك بەم دوایەدا بۆ موسل وبەغدا لە وەرزی زستان رێگاوبان زۆر سەخت بوو زنجیر لە تایەی ئۆتومبێل دەبەسترا بۆوەی لەقوروبەفری ئەستور نەچەقیت ، خۆم لە سالانی چلەکان لەوەرزی هاوین بە شەش تا هەشت سەعات بە پاسەکانی دار بە هەولێر گەیشتووم لەم مەیانە ناسراوترین شوفێر ( عێزەی کەپوولی ) بوو هەمیشە سەرورووی تۆزاوی ماندووتورە قسەی لەگەڵ نەدەکرا ، ئەحمەد ناوێ بە ( باوك سەردار ) ناودەبرا دەلالی گەراج بوو هەمیشە سەرکۆت وپێخواس و سەرخۆش زۆرتەکەلەباز ئیواران کرێی سەفەری لەنەفەرەکان بۆ هەولێر یا کەرکوك کۆدەکردەوە بێ وەی هیچ ئوتومبیل لە کۆیە هەبێت شەوپارەکەی ئەکردە عارەق بەیانی خۆی دەشاردەوە لەدەست نەفەران ، جارێ خراپ لێی قەوما لەگەڵ سەربازی کۆیان ودەراوپشتی بە بۆنەی گێژن هاتبوون بۆ سەردانی ماڵ پارەکی زۆری لەمان کۆکردبۆوە بۆ کەرکوك بەلام ئەم جارە بۆ باوکی سەردار ! سەری نەگرت دۆزیانەوەوداركاریەکی باش کرا

لۆری ئینتەرنەشیناڵ international لە کۆیەبە ( عەنتەرناش ) ناودەبرا باروئازۆقەوشتومەکی ناوبازارومالّ هەروها تەنەکەی نەفتی سەرمۆری مەسفای (وەند ) ی دەگەیاندە کۆیە ، لە گەرانەوەی بەزۆری بارە توتنی بۆ کەرکوك باردەکرد .

خەڵکانی کۆیە بەگشتی خاوەن زەوق وقسەخۆش ودلتەروگاڵتەچی وئەدەب دۆست ،پۆشتەو پرئاخ وجل وبەرگی جوان ونایاب ولێوەشاوە، کورتەك وشەرواڵ ورانك وچۆخە لەبەردەکرا ، جەمەدانی ومشکی وکلاّوی سیرکی نەخشاوبە سیم وئاوریشم ،پشبەندی رەنگاورەنگ ، ئافرەت بە کراس وکەوای رەنگاورەنگی پولەکەدار سوخمەوکلاوتاسەی چاچپاخەی زێر ، هەڵبەتە لە بۆنەکانی گشتی وەك رۆژانی سەیران ونەوروز و فامیلی دەرازانەوە . ژیانی کۆمەلایەتی بە گەلێ جۆروشێوە خۆی دەنواند .. دۆستایەتی ودەستەوایی ومێواندارییەتی وهاموشۆوئاهەنگ و سەیران زۆر لە باوبو ، ئاهەنگی ( مەولود ) بۆ گەلێ بۆنەکانی خێزانی وکۆمەلایەتی وئایینی لە ماڵ یا مزگەوت د ەگێرا ، بۆژن گواستنەوە ، منالّ بوون بەتاییەتی بۆ کورونۆبەرە ، سونەتانە ، شیلانەی حاجی ، خانوی نو هەروها بۆ گەلێ بۆنەکانی خۆشی وهاتنەدی رازونەزرەکانی خێزان بە گشتی هەروها گەلێ خێزان لە م مانگە بۆ خێروخێرات لە مزگەوت ئاهەنگی مەولودیان دەگێرا . سەرەتا گە مەولودەکە بە بۆنەی خێزانی بێت ولە ماڵ ساز بدرێت مەلا ئەسعەدو تاقمەکەی بەدەف و مەقامی ئایینی ئاهەنگەکەیان گەرم دەکرد تا مەراسیم بە چایەوشیرنەمەنی و دوعاو دوعاکاری کۆتایی دەهات چۆل دەبو بۆ لاووگەنجان وگۆرانی بێژان ئاهەنگ دەسورایەوە بۆ ئەگلەنجەوگۆرانی وخواردن وخواردنەوە گەلی جار لەم جۆرە ئاهەنگانە گۆرانی بێژان تایەر تۆفیق وسێوەو ئەحمەدی حەمەمەلا وچەند گۆرانی بێژی دی تا بەرەبەیان دەیان چراند .

دەوەت ودەوەتکاری بەتاییەتی بۆ چێشتی ئێوارێ لەمەیان خزم ودۆست وبرادەران ودراوسێ زۆر باو بوبەتاییەتی داوەتی ( سەروپێ ) لە وەرزی پایز گەلێ خێزانی حاڵ خۆش بۆقاورمەی زستان دابەستی دەکوشتەوە بەم بۆنەوە داوەتی سەروپێ دەهاتە کایەوە داوەتەکە خودی خۆی زۆر گران دەوەستا لە دابەستەکە زیاتربوو بەلاّم نەدەکرا لەبەر گلەیی ورسوا خاوەن دابەستی خۆی لێ بدزێتەوە ئیدی بە درێژای وەرزی پایز ئەم شێوە داوەتە لەمەیان خێزانان دەورادەور دەبۆوە . لەلایەکی دی سەرماوسۆلی زستان وبێ کاری و دەراماتی خێزانانی کۆیەی ناچاردەکرد بەگوێرەی توانا پێویستی یەکانی ژیانی ئەم وەرزە دابین کات ، گەنم کولاّن بۆ ساوەروبرویش ، داندۆك وهەرشتە وگەنمە کوتاو نیسکك ونۆك ، بامیەوبایىنجان

وپەڵکەمێوو، هەنارودۆشاوی هەنجیرو لەتکەسێو ، سرکەومێوژووقەسپی ئەشرەسی وگوێزوباوی وکشمش وقەیسی ، سماق وسیر پیاز ، خێزانی حاڵ خۆش زەیتون وپەنیری پیستەو پەنیری سوێرکراو تەنانەت داری قەراشکراووڕەژوو ، هەروها گەڵێ خێزان لەم وەرزە بۆ خواردنی خۆیان یا فروتن شێلم بەترش وترخێنەوحەفت ترینگەیان دەگرتەوە ، وەنەبێ پێویسەکانی زستان هەرخواردن وخواردنەوەبێت گشت پایزان بە مەبەستی سواخدانی بانی خانوەکان بۆبەربەست کردنی دڵۆپە قورێکی زۆر لە گڵەسۆری تایبەت بە کاخۆش کراو لە کۆڵانەکان دەگێرایەوە چەندرۆژ دەمایەوە تا ترشەڵۆك دەبو ، سەیر ئەوەبو مەسەلەکە لە مەندە کۆتای نەدەهات ، شەونەبولەبەر تاریکی کۆڵانەکان چەند کەسی نەکەونە ناوقورەکان ....! دەبووە شەروفیرتەنە جوێن هەزاری بە پولێ بێ پەروازە بەملاوئەولادا ئەپرژا ..!

نازناو ناولێنانی خەڵك لە کۆیە دیاردەیەکی زەق ولەباوبو بەساناوبێ پەروازە بەسەر خەڵکا دەچەسپا تەنانەت پاش مردنی بۆ نەوەی دەمایەوە بەدەگمەن خێزانی لە کۆیە لەنازناو رزگاری بوبێت ، نازناو گەڵێ شێوەی هەبو گەڵێ لەمان بنەمای ئاینی پێوەدیاربو ــــ مەلاوشێخ وسەیدو فەقێ وحاجی –هەروهانەوەی دوبەرەباب ــ غەفوری وحەوێزی گەردەرەبەگ یا کاسب وکرێکارو بە ئاغا ناودەبردران جگە لەنازناوی لە مەر ئیشوکاروپیشەسازی وکاسبی یەك جار بڵاو بو وەك بەننا,نەجار,ئاسەنگەر,پینەدۆز,بەقاڵ,عەتار,قەساب,کەبابچی,خەیات,زێرینگەر, ..هتد ــ سەیر ئەوەبو نازناو لەم مەیدانە دەترازا بۆ لەش و شەکەتی وپەککەوتویی وخوورەوشت – شەڵ, کوێر, گۆجە ، کەڕ,شێت وکۆرە ، دزودرۆزن ، سێ لچ ولچ شۆر ، شان بە قور ، لاق بەگو شان بە گو چەکوچ بەگو,قون پوچ گەڵی دی لەنوسین نایەت ، نازناو لەیادی خەلك نەدەچۆوە ،سمایلە کەرە کە بەخێزانەوە لە کۆیە دەرچوبو لەدەست نازناوەکەی پاش دەساڵ سەردانی کۆیەی دەکرد بەلام ناچار هەربەهەمان ئوتومبیل گەڕایەوە , هەرلە گەراج دابەزی بو گوێی لەنازناوی خۆبو ،لەراستی دا گەرانەوەکەی زۆر لەسەر وەستا ماوەیەکی زۆر سمایلەکەر لەسەرزاران دەسورایەوە .

لەپەنجاکان گەڵێ لەم جۆرە نازناوا ناشیرنانە کەم بونەوە نازناوی ئەفەندی بەردەوام بوو ، نازناوی مامۆستا پەرەی ساند بەلام زۆر جار لەشوێن وجێی خۆی بەکارنەدەهات ، حاجی بەگوێرەی ژمارەی دانشتوانی شاری کۆیە و دەراوپشتی تا سالانی شێستەکان گەڵێ زۆربوون بەتایبەتی لەنیو بازارو دوکاندارو کاسبان گەرچی سەفەری حەج بۆ کەعبە لەم سەردەمەئەرکێ زۆر گران بووزۆری تێدەچوو شەش تا هەشت مانگی دەخایەند لەمان بەراستی مەرجەکانی حەجی لێ دەهاتەدی بە دڵێکی پاك وبەسۆزەوە فەرزی خوای ئەنجام دەدا ، بەلام گەڵێ دی بۆناووخۆنواندن وشوێنی لەنێوکۆمەڵ وریایی وبەرژەوەندی تایبەتی بە هەرجۆر خۆی دەگەیاندە حەج ، بۆ ئەم مەبەستە ژیانی خۆی وماڵ و منداڵی دەخستە قات وقڕی و نارەحەتی وتامەزرۆیی بۆ پاشە کەوتی پارەوپول بۆ حەج ـحەجەکەی دەکرد گۆیا ئایەتی قورئانی پیرۆز ــ[ من استطاع الیە السبیل )] ی کەوتە ئەستۆی ، دوا تێبینیم لە بواری نازناو ئەوەیە کە خەڵکانی کۆیی لە دواسالانی پەنجاکان بۆ گەڵێ شارەکانی کوردستان و بەغدا وموسل گواسترانەوە بەلام زۆربەی زۆری نازناوی (کۆیی ) بەخۆوە نەگرت وەك زۆربەی خەڵکانی شاری ئاکرێی وئەتروش وبامەرنی وموسل وبەغدا و سامەڕا وگەڵێ دی .

لەسەردەمی ئێمە هەندێ جۆر لە خواردنەمەنی وجل وبەرگ وکەڵ وپەلێ ناوماڵ وپێویستی یەکانی ژیان تایبەتمەندی خۆی هەبوو لە ناوخەڵکا بەچاك وبەهادارناسرابوون نرخیان زیاتربو ، هەندێ خێزانانی کۆیی خۆیان پێ هەڵدەکێشا، لەم شت ومەك و خواردەمەنیانە لە یادم ماوون { شەکرە قەندی سابلاخ ، گەنمی قەندەهار ، گوێزو هەنگوینی کوێستان، برنجی حەریروئاکرێ ، هەناری شارەبان ونازەنین ، ترێ تایەفی ، قەسپی ئەشرەسی ، شوتوی شیلە ، سلقی کەرکوك ، رونی حیلە ، پەنیروژاژی بۆلی ، ماستی هەولێر، تەرۆزی وکالەکی دێمی ، قەیسی وکشمیشی تەورێز ، رانك وچۆخەی مەرەزی زاخۆ ، سوخمەوفەقێ یانی سولەیمانی ، کلاوئاوریشمی کۆیە ، سەماوەری وارشەو ، سابونی هێلی

حەلەب ، توتنی بێشەما ، مافوری کاشان ،قۆری عەجەم ، لاکێشی هەرکی ، خەنەی یەمەن، بێژینگ وتەشی و تیرۆگ وکەلاشی دۆم، ماینی کوێتی وکەری حەساوی وهێستری رەختە، تفەنگی برنو ، خەنجەری دەبان و دەمانجەی کەمالی ، بەفری چیای قەندیل }...هتد .

ئەوەی شایانی باسە لە شاری کۆیە گەڵێ کەسایەتی میللی وکورد پەروەرو روناکبیروزێزدار هەڵکەوتووبون هەریەك لەمان بە شێوەیێ ولەمەیدان وبوارێ رۆل ودەوری خۆی نواند ، مەلای گەورە ( مەلامحەمەدی جەلی زادە ) عالم و نشتمان پەروەرو ئەدیب وروناکبیر شورەت وناوبانگی لەسەرانسەری کوردستان دەنگی دابۆوە سەدان مەلا لەسەردەستی ئەم لەسەرتاپای کوردستان ئیجازەی مەلایەتی – بە مەلای دوانزدە عیلم دەناسران – ودەرس وتنەوەیان وەردەگرت . بابزانین ( کەریم حیسامی ) لەکتێبەکەی _ پێداچونەوە _ چۆن بەتەواوی مەلای گەورەمان پێ دەناسێنی دەڵێ : { بۆهەوەڵین جار لە ژیانی رۆشنبیری بنەماڵەی ئێمەدا هێندێ شیعری کوردی زانای مەزن وگەورەی کورد مەلامحەمەدی کۆیی کە شادمانە حەمدی خانمێك لە عیراقەوە بۆی هینابوون بیروماڵەکەی ئێمەی روناك کردەوە، شیعرەکانی مەلای گەورە کاری کردبووە سەر بیروراومێشکی ئێمە بەرۆژ دەمانبرد لەمەزارو خەتی جۆتیدا دەمانشاردەوە زۆر جاران لەمزگەوت بابم بۆخەڵکی دەخوێندەوە :

هەتادەمرم لەبۆکوردان دەناڵم

عیلاجیان چۆن بکەم هاواربەماڵم

ئیترپێشتر شارەزایەکمان لەسەر بلیمەتی و کوردایەتی ونشتمانپەروەری مەلای گەورە هەبوو خوالێخۆش بو– مەلا مەعسومی عوسمانی کوری خەلیفە مەلاحەسەنی فەلا – بۆخویندن چوبوە ئەودیو لەکۆیە لەخزمەت مەلای گەورە خویندبووی ، مەلا مەعسوم لە دانشتن ولێك کۆبوونەوەو باس وخواسدا لە جیاتی ( بەحسی دین وروکنی ئیمان ) باسی مەزنایەتی وزانایی وئازایی ونشتمانپەروەری مەلای گەورەی دەکرد، دەیگوت چۆن زرەشێخ وکۆڵکەمەلایان دەکوتی ورسوایان دەکا دژی خەرافات بۆ خوێندەواری خەبات دەکا ... } بەڵێ پەرۆشی مەلای گەورە بۆ خوێندن وخوێندەواری و خەباتی دژ جەهل وجەهالەت ، بەربەرەکانی زرە شێخ وکۆڵکە مەلا لەرەفتاری رۆژانەیی وشیعرەکانی ودەرسە ئاینیەکانی زۆر زەق وئاشکراو شاکارن ، لەبیرو خەیاڵی کێ دێت ؟ لەساڵی 925 کیژی نۆبەرەی (نەجیبەخان ) لە تاکە قوتابخانەی کورانی سەرەتایی بەرخوێندن دابنێت وتاکە کیژ بێت لەم قوتابخانەیە ...! ئاینی ئیسلام لای مەلای گەورەی روناکبیروپێشکەوتنخواز پاڵ پشتی کۆمەڵەوریگای چاکەوخۆشی وبەرژەوەندی ئادەمیزادە ، شەریعەت لای مەلای گەورە قامچی نیە بکەوێتە گیانی موسلمانان . رۆژێ لە دانشتنەکانی لە مزگەوت ئێوارەیێ بەربانگ بە ئامەدەیی گەڵێ مەلاوفەقێ وخەڵکانی کۆیە کابرایەکی کرمانجی دەشتی کۆیە خۆی دەهاوێتە ناو مەجلیس داوای لە مەلای گەورە دەکات– تەراقی چاك کاتەوە– هەر کە ئەزانی کابرا لە کاتی تورەبون ژنی خۆی تەراق داوەو لە کارەکەی پەشێمانە وشەش منالی لێ هەیە بێ یەك ودو لەناو مەجلیس تەراقی کابرای چاك دەکاتەوە ، هەڵبەتە لە پاش ملە مەلای گەورە ئەکەوێتە بەر رکێفی رەخنەوگلەیی کۆڵکە مەلای کۆیە لە وەڵام دەڵێ هێشتا ئەمانە لەبنەمای راستەقینەی ئاینی ئیسلام نەگیشتوون .

مەزنی وکورد پەروەری وتوانای بیری وزانستی مەلای گەورە لە { رفراندۆمە سەرپێ یە زارەکی یەکەی ( عصبة الامم ) } – واتە –کۆمەڵەی میللەتان – دەتەقیتەوە . لە ئاکامی شەری گێتی یەکەم لە ساڵی918 /919 کۆمەڵەی میللەتان لە دەوڵەتانی ئەوروپای سەرکەوتووچەند دەوڵەتێکی دی پێکهات شاری (جنێف ) لە سویسرا کرا بەمەڵبەندی ، مەبەستی سەرەکی دامەزراندنی چارەسەرکردنی ناکۆکی وتەنگوچەڵەمەی نێودەوڵەتان بە ئاشتیانە بو لە پێناوبەربەستکردنی شەری نێودەوڵەتان ، بابگەرێنەوە سەرباسی مەلای گەورە – عەبدولرەزاق ئەڵحەسەنی– دانەری

چەندین بەرگ لەبارەی (تاریخ الوزارات العراقیە ) واتە – مێژووی کابینە وەزارەتەکانی عیراق– هەروها چەندین بەرگ لە بارەی (تاریخ العراق السیاسی ) واتە – مێژووی سیاسی عیراق _ دەڵێ : { لەسەرداواکردنی دەوڵەتی بەریتانیا – کە لەم ماوەیە سەرپەرشتی کاروباری حکومەتی عیراقی لەلایەن کۆمەڵەی میللەتانەوە پێ راسپاردرابوو بە عەرەبی بە ( الانتداب ) ناودەبردرا ، لیژنەیەك لەچەند شارەزایانی نەتەوەیی وسیاسی لەکۆمەڵەی میللەتان پێك هات بە مەبەستی پەیوەند کردن بە پیاوانی ناسراووعولەمایی ئاینی وسیاسی وئاغاکانی کورد بۆ وەی بزاندرێ کورد رازیە بکەوێتە نێودەوڵەتی عیراق و ژێرحکومڕانی ، مەلای گەورە وەڵامی پرسیارەکەی ئەم لیژنەی نەدابۆوە نارەزایی خۆی بەم شێوەیە دەربری بوو : ئێمەی میللەتی کورد هەزاران ساڵە لەسەر خاکی ولأتی خۆمان دەژین سەربەخۆی گەڵەکەمان بەرەوا نابینن .. ! پرسیارەکەتان وشێوەی نالەبارە .. ! هەر نەبێ دەبوا بپرسن ئێمەی گەڵی کورد لامان باشە لەگەڵ گەلی عەرەب بژین یالامان باش نیە ..؟ لەم رۆژەوە وەك – عەبدولرەزاق ئەلحەسەنی – دەڵێ : ئەم رفراندۆمە لە مێژووی عیراق لە دۆکۆمەنتەکانی { وەزارەتی دەرەوەو وەزارەتی کۆلۆنی یەکانی بەریتانی} لەسەر رەخنەی مەلای گەورە بە (لات باشە یاباش نیە ) ناسراوە ، بێ گومان ئەتوانین بڵێن ئەم رفراندۆمە لە کوردستان گەرچی لەمەیدانێ تەسك وسەرزارەکی بو بە کۆنترین رفراندۆم کۆمەڵەیەکی نێونەتەوەیی پێی هەڵسابێت ئەژماردرێت لەهەمان کات گەر لەرووی مەبەست وهۆیەکانی لەگەڵ رفراندۆمی ( تەیموری رۆژهەلأت ) ی ساڵی 999 بە راورد بکرێت هێندە جیاوازی نیە هەردو رفراندۆم لەبنەرەتدا لە چوارچێوەی ( مافی چارەنوس ) هەڵقوڵیووە گەرچی مەیانیان نێزیکەی حەفتا ساڵە ، تەیموری رۆژهەلأت لە ئەنجامی رفراندۆمەکە بە پاڵپشتی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوان لەداگیرکەری – دەوڵەتی ئەندۆنیسیا– جیابۆوەوسەربەخۆیی پێ بەخشرا لە ژێر چاوەدێری ئوسترالیاو چەند دەوڵەتی دی لەباشوری رۆژهەلأتی ئاسیا تا ئیمرۆش وەك بیبیلەی چاو حکومەتی تەیموری رۆژهەلأتی سەربەخۆ ئەپارێزن . ئیدی ئێمە بۆمان نیە ...؟! پرسیارێك ئاراستەی هەمولایەك بکەێن وبڵێن : لەم سەردەمە ئێمە میللەتی کورد لەسەرخاك وولأتی خۆمانی دابەش کراو شایستەی هەرنەبێ رفراندۆمێ لە شێوەی ریفراندۆمی تەیموری رۆژهەلأت نین .. ؟!

باسی ( باشە لات یاباش نیە ) پێویستی بەلێکۆڵینەوەوتۆژینەوەیەکی پان بەرینە – کورد وتەنی ئەم هەویرە ئاوێکی زۆری دەوێ– لەدورەولأت بێ سەرچاوەی پێویست ئەم ئاوە پەیدا نابێ ، هەوڵم دا تەنانەت لە ساڵێ ئەم رووداوە بتۆژمەوە بۆم نەکرا ، بەهێوام هەبێ لەم بارەوەبەهانامان بێت ، لەگەڵ وەش جێی گومان نیە ئەم ( پرسەخەسوانەی کوردان ) لە مەیانی ساڵی 920 و932 قەوماوە ، بەریتانیا لەم ماوەیە –وەك باسمان کرد – سەرپریشتی کاروباری عیراقی پێ راسپاردرابو وابو لە ساڵی932 حکومەتی عیراق وەك دەوڵەتێ سەربەخۆ کرا بە ئەندامی –کۆمەڵەی میللەتان – [ لەمەیانی پێداچونەوەم بەسەر ئەم بەشە لە بیرەوەریەکانم چاووم بە وتاری دکتۆر نوری تاڵەبانی کەت کە لە کۆرێکی قانونی دا لە–– دەزگای ئەحمەد بۆ دراساتی کوردی–لە واشنتۆن لە مانگی نۆفەمبەری999 پێکێشی کردووە و دکتۆر– ئازاد شێخانی – وەریگێراوە بۆ کوردی گوڤاری { رۆشنبیری کورد } کە مەڵبەندی رۆشنبیری کورد لە– لەندن– دەریدەچوێنی ژمارەی 1 بەهاری2000 بلأوکراوەتەوە ] دکتۆر نوری لە برگەکی وتارەکەی دەق ئەڵێ :{ پاشان بڕیاردرا کە حکومەتی بەریتانیا چەند هەنگاوێکی پێویست بنێت بۆ خستنەگەری ئەو پێشنیازانەی کۆمیتەی پشکنینی نێودەوڵەتی دیاریکردبوو بۆ ناوچە کوردییەکان بۆ ئەوەی شەرعیەتێك بدرێ بۆ ئەم پێشنیازانە , بڕیاردرا ریفرۆندۆمێك ساز بکرێت لە نێوان پیاوماقوڵ وسەرەك عشیرەتەکانی سەر بە ویلایەتی موسڵ. شایانی باسە بابەتی سەرەکی ریفروندۆمەکە ئەمە بو : ئایە دەخوازن کە لە گەڵ عیراقدا بمینێنەوە یا لەگەڵ تورکیا } هەر لەم بارەوە لە درێژەی وتارەکە بۆم دەرکەت کەئەم ریفرندۆمە لە ساڵی 925 کراوە . شایانی باسە هەرلەم

ماوەیەش کێشەی ( ویلایەتی موسل ) سەری هەڵدا هەڵبەتە ئەم کێشە لە زۆر لایەنەوە کێشەی کورد دەگرتەوە ، ئیدی ئەم باسە خودی خۆی بابەت وبوارێکە لەوانەیە بکەوێتە بەر رکێفی رۆژانی ئایندە گەرخوداتەمەن دات .

لە شاری کۆیە گەڵێ کەسایەتی میللی وپیاوی ئاینی وروناکبیروکوردپەروەروڕێزدار هەڵکەوتوبون ، هەریەك لەمەیدانێ رۆلی خۆی لەژیانی سیاسی ورۆشنبیری وکۆمەلایەتی وفەرهەنگی دەنواند .

حەمە زیاد بە کاکە زیادیش ناودەبرا سەرۆکی تیرەو بەرەبابی غەفوریەکان ، خاوەن ماڵ وسامانێ فرەوان بە رادەیەك ناوچەیەك نەبوو لەدەشتی کۆیەو هەروها لە نێو شار ملك وماڵ وپەزوران وزەوی وباخی بەرەبابی حەمەزیادی لێ نەبووبێ ، لەگەڵ وەش خۆوخێزانی هەرگیز لە خەڵکانی کۆیە زیاد لە قەلەم نەداوە وخۆیان بە ئاغاودەرەبەگ نەزانیوە ، خاوەن ملك وماڵ نەبوون لە ئاست جۆتیارو رەزەوان و شوان وگاوانەکانیان ، کاکەزیادی روناکبیرو کورد پەروەر هەمیشە پەیوەندی لەگەڵ بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد زەق وبەتێن بووە ، بە یەك لە دامەزرێنەری پارتی دیموکراتی کورد ساڵ 946 لەقەلەم دەدرێ وماوەیی بە جێگری سەرۆکی پارتی دەناسرا هەروها چەند ساڵێ نوینەری شاری کۆیە لە پەرلەمانی عیراق ، ساڵی 954/953 لەسەرداوای پارتی ونفوزوپاڵپشتی کاکەزیاد مەسعودی مەلای گەورە بە نوێنەری شاری کۆیە بۆ پەرلەمانی عیراق هەڵبژێردرا وابو ئەم دەورەیە لە پەرلەمان لەماوەی چەند مانگێ لەلایەن سەرۆك وەزیران ( نوری سەعید ) بە فەرمانی شاهانە لەبەربونی 13 سێترە ئەندامی نوێنەری ئەپۆزیسێون مەسعود یەك لەمان لەقەلەم دەدرا هەڵوەشایەوە .

کاکە زیاد مناڵەکانی لە قوتابخانەکانی کۆیە بەرخوێندن دانا ، زۆربەیان خوێندنی بالایان تەواو کرد ، ئەوەندەی ئاگاداربوم عەبدولقادری کوری کۆلیژی ( مافەکان ) –حقوق – ی لە بەغدا لە ناوەراستی ساڵی پەنجاکان تەواو کرد ماوەیەکی زۆر فەرمانبەر بو لە دیوانی وەزارەتی دارایی لە بەغدا پاش خانەنشینی کەم وزۆر خۆی بە پارێزەری خەریك کرد هەتا ئەم ساڵانەی دوایی جارجار لە بەغدا یەکدیمان لە دادگاکان بەسەردەکردەوە ، پیرۆز کیژی گەورەی حەمەزیاد تا ئەم ساڵانی دوایی دختۆر بو لە نەخۆشخانەی جادریە لە بەغدا – لەم ساڵانەی بەدواوە خۆوخێزانی جێنشینن لە هەولێر– هەروها ئەندازیار وشیاری کوری خانەنشینە لە بەغدا هەندێ جار بە یەك دەگەیشتین ، عەبدولحەمید فەرمانبەربو لە ( دیوانی بەرێوەبەرایەتی گشتی ئینحساری توتن ) کە ئەم دەزگایە هەڵوەشایەوە گواستراوە بۆ بەریوەبەرایەتی پەروەردە لە هەولێر ، کوری هەرە گەورەی مەحمود بە خێزانەوە لە شەستەکان روی کردە تاران وابزانم تا ئەم رۆژگارە هەر لەتاران جێنشینە ،بێگومان مناڵی دی زۆرن .

شایانی وتنە کە کاروفەرمان و پەرتوبلاوی خێزانی حەمەزیاد بەم شێوەی باس کرا دیاردەیەکی زەقە لە بارەی هەڵوەشانەوەی پەیوەندیەکانی ئابوری وکۆمەلایەتی وفەرهەنگی سیستەمی کۆن لەنێو میللەت ، سەرهەڵدانی چینی برژوازی وپەیوەندیە تازەکانی لە روناکبیری و فەرهەنگی نوێ لە چوارچیوەی ریبازی پێشکەوتنخواز ، واتە توانەوەی چینی دەرەبەگ بە تواناى هێزی تیشك وروناهی خوێندن وزانست وپیشەسازی پێشکەوتوی جۆراوجۆر ، سەرنج کێشە ئەم شێوە گۆرینە لە پەنجاکانی سەدەی بیستەم لە کوردستان بە دی دەکرا بە تایبەتی لە نێو عشرەتی دزەیی لە هەولێر هەروها گەڵێ بەرەبابی خۆشناوەتی و ئاکرەیی وپشدەروبامەرنی ...

مەلا حەوێز (حەوێز ئاغا ) سەرۆکی تیرەوبەرەبابی حەوێزیان ، خاوەن ملك و رەزو پەزوزەوی فرەوان لە نێوشارودەشتی کۆیە بە ئاغاودەرەبەگی میری لەقەلەم دەدرا ماوەیەکی زۆر بەتەك حەمەزیاد نوێنەری شاری کۆیە لەپەرلەمانی عیراق ، لە هەڵبژاردنەکەی ساڵی 954/953 بەرهەڵستی توندی دژ مەسعود مەلا محەمەدی بەرپا کرد بەمەبەست دەرنەچوونی بە نوێنەر– تارادەی تەقەکردن لە ئافرەتێ مامۆستا _ نزیرە _ کە پرۆپاگەندەی بۆ مەسعود دەکرد ، وابزانم یەکەم جارە لە کوردستان تیرۆر لە بۆنەی هەڵبژاردن روویدات .

لە پیاوانی میللی وریێزدار ( عەبدولا جەیدی ) لە خێزانی پیشەساز مام ناوەندی هەلکەوتوبو ، هەر لەم سەردەمەی خۆم ناسی جەیدی گۆرهەلکەنی شاری کۆیە بو ، مرۆڤێ چوست وچالاك وخێرخواز، بە مردنی هەرکەسێك هەژار یا دەولەمەند ئاگەدارکرابا شەوورۆژ چلەی زستان وسەرماوسۆلەی کۆیە یا قرچەی گەرمای هاوین خۆیی و چەند کرێکارێك بە ماوەکی کەم گۆریان ئامادە دەکرد بێ وەی چاویان لە فلسێك بێت ، هەلبەتە دەولەمەندودەسەلاتداران پێویستیەکانی ژیان و کەم وکورتی خۆی وکرێکارەکانی دابین دەکرد . جەیدی رێزوشوێنی لە نێو خەلکانی کۆیە لە مەیدانی گۆر هەلکەندن تێپەری وای لێهات خێزان بۆ چارە سەرکردنی گیروگرفت وناکۆکی وشەروناخۆشی خۆیان دەگەیاندێ ، مام جەیدی وەستایانەو هێمن ولێوەشاوە گیروگرفتەکانی سارێژدەکرد هەرنەبا لەسنورێ رایدەگرت زۆرجارژن ومێردی سەرتەلاق دان ، بوك وخەسووکوروباوك ودراوسێی پێکدەهینانەوە وگشت لایەکی رازی دەکرد ، ناوبژی و پیاوچاکی جەیدی بە دایرەکانی حکومەت و پۆلیسخانەو قوتابخانەکانیش گەیشت ، رۆژێ بەهار ئێمەی قوتابیانی پۆلی شەش وپێنج داوای سەیرانمان لە بەرێوەبەری قوتابخانەکەمان ( جەلال حەوێزی ) کرد رازی نەبو ، یەکێ لە قوتابیان خۆی دزی بۆوە بۆلای مامە جەیدی ، هەر ئەوەندەمان زانی لەنێو حەوش دەنگی دا .. کورینە زووکەن بەخۆکەون سەیرانە .. ئیتر بەریوەبەرومامۆستاکان هەرئەوەندەیان بۆ ماوە ئەوانیش زووبەزوو خۆبۆ سەیران ئامادەبکەن ..!! ئەوەندەی بزانم تاسالانی پەنجاکان مام جەیدی لە ژیان مابو، بیستم بە دەست وبازوی خۆی گۆرێکی رێك وپێك لەسەر گردێ دراوپشتی کۆیە هەلکەندبوبۆ خۆی ، کوردوتەنی دۆم بی کەلاش بۆخۆی بدروێ ، ئەلێم خۆزگە مام جەیدی گۆرێ نارێك وپێك لەسەر تەپۆلکێکی دەراوپشتی کۆیە بۆ هەلکەندبام گەر بەزندویی دورە ولاتم هەرنەبێ لە نێو خاکی کوردستان چاووم وێك نابا...

دلدار ( یونس رەئوف ) کەلە شاعیری کوردونشتمانپەروەروپێشکەوتنخواز وئازادی پەرست خاوەنی سروودی مەرسلیزی میللەتی کورد ( ئەی رەقیب )ی نەمر لە سالی918 لە بنە مالەی خادم ئەلسوجاد ( خادم السجاد ) لە کۆیە لە دایك بووە ، دلدار بە بیروڕا مارکسی بەهەست ودەروون کورد پەروەر، دەرچووی کۆلێژی (مافەکان ) – الحقوق – لە سەرەتای سالانی چلەکان لەسەدەی رابردو لە بەغدا ، لەگەلێ مەسعود محەمەدی مەلای جەلی زادەو رەشید باجەلان لە خەلکانی خانەقین وکاکەحەمەی خانەقاەلە خەلکانی کەرکوك بەیەکەوە لە کۆلێژ هاوقوتابی بوون دۆستایەتی و هاموشۆی مەیانیان گەرم بووە ، با گوێ رایەل کەین مەسعود چۆن لە بارەی دلدار ئەدوێ ، دەقی چەند نوسینێکی مەسعود لەبارەی دلدار کە بۆ مامۆستا (عەبدولخالق عەلائەدین )ی تۆمار کردووە لە سالی 1982 بە مەبەست نوسین وئامادەکردنی دیوانەکەی ئەخەمە پێش چاو ... ئەلی { سالی 1941 ی زایینی کە لە کۆلێجی حقوق دەستم کرد بە خوێندن یەکێك بووم لە نێوان ( 100 ) قوتابی کە ئەوسالە لە پۆلی یەکەم قبول کران ( 4 ) قوتابی دیکەش لە سالی رابوردۆوە مابونەوە ، یەکێکیان (دلدار ) یونسی مەلا رەئووفە فەندی ( خادم السجاد ) بوو کەوا لەبەر نەساغی نەیتوانی بوو لە ئەزموونی کۆتایی سالدا بەشدار بێت لە یەکەم دیتندا زەردی وبێ هێزی ئەوەنەساغیەییم لێ رەچاوکرد دوا تریش کەم کەمە ئاشنای باری ژیانی بووم .......لە سالی دووەمی خوێندنمانەوە پێوندی نێوانمان بەرەوپتەوتریەوە رۆیی و لە چەندوچۆنی یەکتر شارەزاتر بووین ، هەندێ خەسلەتی دلدارم لەوسالەدا بۆ روون بۆوە ، تێ گەیشتم دلدار گەنجێکی ئازایە ، پڕ بەپێستی ووشەی ئازایش ئازایە .جارێ لە لایەن ئەوەی کوردی پێی دەلێ ( مالی دونیا ) دلدار فلسێك ودینارێکی بەلاوە یەك شت بووە .... دەست کورتی بای تۆسقالێك عەزمی نەشکاندبوو چونکە ئازاییەکەی لە تێشکانی هەژاریەکەی پتری بۆتی دەهێنایەوە .نەمدیت رۆژێك لەرۆژان دلدار قسە قووت بداتەوە یا لە هەلوێست دابەزێ بە مەرایی کردن بەرانبەر نەواشت ویارمەتی ئەم وئەو هەر ئازایەتیەکەشی بوو بەسەر تێوەمانی نەداری دا زالی کردبووە تائەوەی حیسابی دەستکورتی لە رووپەرپەرەی کرداری دلداردا سڕابۆوە ....... لە پولی دووەمی حقوق دلدار

دەرگایەکی بەروم دا کردەوە ، دواتربووبە کۆلانەیەك بۆناودەروون ودلوویژدانی خۆی : بردمی بۆ سەلاوخانەی (بهیە فرج الله الکردی ) .ئەم خاتوونە کیژی ( فرج الله الکردی ) بوو کە لە میسربە برادەرایەتی وهاوڕێ یی وپشتگیری ( محمد علی عونی ) کتێبی شەرەفنامەی بەچاپ گەیاند – فرج الله بە خۆو خێزانەوە بەهایی بوون --- بەهیە دوای مەرگی باوکی بەخۆی ودایکی هاتنە عیراق ولەقوتابخانەیەکی بەرزی کچان دەرسی دەگۆتەوە ، لە رادیۆش گوتاروسەرگورشتەی بۆئافرەت ومندالان دەگێرایەوە. لە حورمەتی باوکی لای کورد پیشکێکی گەورەبۆ ئەوکیژەمابۆوە لێ هاتوویی خوێشی وهای کرد سەلاوخانەکەی لە (اعظمیة ) شێوەی سالۆنی ( می زیادە ) ی قاهیرە وەربگرێ ، فرج الله ئاشنایی لەگەڵ باوکم دا هەبوو ، چەندنامەیەکەیشی بۆ باوکم یادگاری ئەو ئاشنایی یە بوو لێی بەجێ مابوو . کاتی خۆی کەشەرەفنامەی بلاوکردەوە چەند دانەیەکی لی نارد بۆ لای باوکم ..... شەوانی رۆژەك لە رۆژەکانی هەفتەدا سەلاوخانەی مالێ بەهیە پێشوازی لە میوانان دەکردوچەندین سەعات مەجلیس ئەدەب ونوکتەوقسەی رێك وپێك بەردەوام دەبوو .. بەزۆری دلدارومن ناوناوەش لەگەڵ کاکەحەمەی خانەقادابەیەکەوەدەچووین بۆلای بەهیە ... بەهیە لەگەل دایکی بەفارسی دەدوا چوونکە کوردییان نەدەزانی هەرچەند گیانی کوردایەتییان زۆر پێوە دیاربوو ، بەعەرەبی وئینگلیزی وفەرەنسەیی وفارسی جوانترین شێوە ئاخاوتنی هەبوو... لە بەهیەم بیستوە دەیگوت ئاوا تمە شووبەگەنجێکی کورد بکەم وبمباتە دێیەکی کوردستان رێم پێ بدا خزمەتی ئافرەتی کورد بکەم ... لەوساڵەدا کە سالی دووەمی خوێندنم بوو لە حقوق هەستم نەکرد کەدلدار لەناوەوە بۆ بەهیە دەسووتێ .....دلدار لەو دووساڵەدا دەروونی ئاووس بووبە عیشقی بەهیە بیوەی رۆژەك لە رۆژان بدرکێنی خۆشی ویستوە ، هەر ئەوخۆگیریەی بوو لێ نەگەڕا بپرسم ئەرێ دلدار تۆ کەئەم کیژەت خۆش دەوێت ، ئەویش بەئاشکرا دەیەوێ شووبە گەنجێکی کورد بکات رێی بداتێ خزمەتی ئافرەتی دەشتەکی بکات، گوندیشتان هەیە بەسەرزێی تەقتەقەوە ئەگەر داهاتیشی کەم بێ خۆئافرەتی زۆرە ئیتربۆچی نایخوازیت ؟ کەم وزۆر دەرفەتی ئەم پرسیارەم لێ چەنگ نەکەوت ..... بەداخەوە ئاگرەکەی وەك ژیلەمۆی ژێر خۆلەمیش خۆی دەخواردەوە گەرماییشی هەرئەوەندە دەدایەوە کەلەهەندێ پارچە هەڵبەستی بەدیاری دەدا یەکیك لەوان ( خەندەکەی بایی ) ... }ئەمەش چەند بەیتێ لە پارچە شیعرەکەی دلداری دەروون سوتاو بۆ بەهیە ی فرج الله :

خەندەی بایی

لەئافاقی ژیانی ناهومێدیم خەندەکەی بایی
فرشتەی پاکی هیوامی نیشاندام واکەبدوێنم
پڕیشکی تیشکی ئەستێرەی جوان ئیمشەوبە ئەسپایی
بە سۆزی هاتە نێو کونجی دلی تاریکی پڕخوێنم
دەسادەی مەسدەری هەستی
دەخێرا لادەری پەستی

دەهەڵسە بابناکەین مەعبەدی پیرۆزی دلداری
لە تیشکی رۆژ لە شەوقی مانگ لە رەنگی پەلکە رەنگینە
کە هەرکامەی بلێی پاکە لە کردەی قودرەتی باری
نیشانەی کردگارێکە وبناغەی پەیرەوی دینە
لە شوێنی پڕ لە هەستی بێ
کەرستەی خۆشەویستی بێ

لە نێو ئەم باغە بێ جێگەی کەتۆم لێ دیت لە هاوینا

وەرە نێوئابیدەت تامن لەبەر پێت دابدەم ئەژنۆ
لەبەروەی نا دلارامی لەبەروەی چونکە باڵایی

خودای شیعروپەری هێوای بڵێسەی هەستی بەرزی تۆ
هەواڵی هاوڕەگ وخوێنی فریشتەی شۆخی میدیایی
لەرووی چاکەو وەفاداری
بە یادی جامی دڵداری
لە مەستی خۆشی بم هێلی دروشمی خەندەکەی بایی

**********

مەسعود لە نامەکەی بۆ مامۆستا عەبدولخالق عەلائەدین لەبارەی دلدار درێژەی دەداو ئەلی : { فکری خەستی قەومایەتی دڵدار کەلە سروودی ( ئەی رەقیب ) دا دەردەکەوێت و وێنەکێشی ویژدانی کۆمەڵایەتی ئەوسایەتی لە وتووێژدا خەستروپاڵاوتر رابەرپەرست خۆی دەنواند.. ...دڵدار لەئاست هەژاریدا دووهەڵوەستی پێچەوانەی هەبوو....یەکیان ئەوەبووکەوا نەك هەرشەرمی لێ نەدەهاتەوە بگرە گاڵتەشی پێ دەکرد وەك کە گاڵتەی بە سامانی ساماندایش دەکرد.....دوەمیان ئەوەبووکەلەخۆوە دەستی بۆکەس پان نەدەکردەوە تا ئەگەر لە برسانیش مردبایە } ....وتەکانی مەسعود تەواو بو .

دڵدار دۆستایەتی لە گەڵ ( عەونی حەبیبی ) شاعیری کۆیی زۆر بەتێن وبەردەوام بووە سەرەتا بە هۆی ئاشنایی عەونی لەگەڵ ( ئاسەف ) ی برای لە خۆ گەورەتر تا رادەیەك کە بەیەکەوە چەند پارچە شیعریان هۆنیتەوە . ئەمەش چەند بەیتێ لە پارچە شیعرەکی دوقۆڵی :

دڵ لە بەینی تەلعەتی روو زوڵفەکەی دەیجوورتە
گاهێ مەیلی شەوئەکات وگاهێ مەیلی نوورتە
بادەکەت پڕ ژەهری ماربێ پیم بدەی نۆشی ئەکەم
چونکە تەبعم هێند موتیعە بەندەیی مەیسوورتە
غونچەکەی نەشکەفتەیی لێوت لەباغی مەقسەدم
تادەمی پشکوتنی دڵ بولبولی مەنزورتە
ئارەزووی ئەم شیعرە ( دڵدار ) تۆ لە ( عەونی ) بۆئەکەی
چونکە ئەم غەمبارە دائیم بۆ وەتەن مەجبوورتە

عەونی حەبیبی شاعیر ئەڵێ : { ... شاعیروئەدیب ونشتمانپەروەروکە دڵسۆزوبەبەزەیی ..... مرۆڤێکی دڵپاك وسادەوقسەخۆش ودەم بەپێکەنین بوو هەمیشە ئاواتەخوازی بەختیاری گەڵ وئازادی نشتمان بوو هەتابڵێی دووربین بوو .. لەکۆری دانیشتن چراییکی پرشنگداربوو . لە دۆستایەتیدا بەوەفاولێی بوردوبوو . لەبارەی شاعیری ومرۆڤی دڵدار ئەوەی دیوانەکەی بخوێنیتەوەدەزانی شاعیریەتی دڵدار لە چی پلەوپایەدایە .... }

دڵدار ساڵی 938 چووەتە پاڵ حزبی ( هیوا ) لە ماوەیەکی کەم پلەی سکرتێری ئەم حزبەی پێ ڕاسپاردراوە ڕێزی لای سەرۆکی حزب ( ڕەفیق حیلمی ) زۆر بووە . لە ساڵی 945/944 پاش هەڵوەشانی هێوا چووەتە ڕیزەکانی حزبی (تەحەرور ) کە لقی حزبی شیوعی عیراق بو لە کەردستان ، پێش کۆچی دوایی لە بیرورادا لەگەڵ ئەم حزبە نەحەواوەو لێ پچڕاوە هاتوتە ئەم بروایە کە میللەتی کورد ئەبێ حزبی تایبەتی خۆی هەبێت . دڵدار لەتەمەنی 30 سی سالی لە هەولێر کۆچی دوایی کرد واتە لەسالی 948 ، کۆچی دوایی دڵداری ناوەخت چرایەکی پرشەنگ وئەستیرەکی گەشاوەی لە ئاسۆی ئەدەب وشیعروروشنبیری وکوردپەروەری گەلی کوردی کوژاندەوە زۆر لە شاعیرانی کورد هەستی دەرونیان بەم کارەساتە دەربری بۆ نمونە وا دڵزاری شاعیر لە پارچە هۆنراوەکەی بەم بۆنە ئەلی :

هەی ڕۆ کاکەڕۆ کاک دڵدارم ڕۆ

هاورێ بە نرخ وبەهادارم ڕۆ

شەوچرای شەوی کوردستانم ڕۆ

هێوای دووارۆژی نشتمانم ڕۆ ....... هیتد

بەش بەحاڵی خۆم چەند جارێ لە ماڵی ئاسەف لەگەڵ برازای ( سمکۆ ) ی کوری هاوقوتابی و برادەر بە خێزانەوە لە گەڵ یونسی مامی لەسەر یەك خوان گشتمان بەیەکەوە نانم خواردووە چونکە یونس هەر لەماڵ ئاسەف دامەزرابو ، تا ئیمرۆ شێوەوبەرگی شینی دیوانەکەی بەمەرەکەبی ڕەش بە خەتێ جوانی ورد نوسراوەکەییم لەبەر چاوە . لاوێ شۆخ وچوست وقسەزان ومەسرەف خۆش ونوکتەباز ، برازاکانی ( نەسرین وسمکۆ و نەرمین وپەروین ) ی زۆرخۆش دەویست وچاوەدیری دەکردن ئەوانیش زۆر هۆگری مامە یونس بوون ، باوکیان تا لە ژیان دابو زۆر بە هەندیانەوەنەبو بەتایبەتی ماوەیەکی زۆر بەفەرمانبەری لە پرۆژەی ئاوبەستەکەی ( هیندیە ) ی نێزك شاری ( حیلە ) دور لە خیزانی بردەسەر هەر لەم شارەش ژنی دووەم لەخێزانێ عارەب بە ناو (مەلیکە ) مارەکرد بەر کۆچی دوایی بەچەند ساڵێ .

سەرنج کێشە ئەم خیزانە خانەدان وروشنبیرونشتمانپەروەر یەك بەدوا یەکدا کۆر بۆوە ، کۆربونەوەی ئەم خیزانە نمونەیەکی تراژیدی دڵتەزینە ، هێشتا یونس بەرژیان بو ئاسەفی برا گەورەی دڵدار لە تەمەنی 42 ساڵی کۆچی دوایی کرد هەندەی نەبرد باوکیان مەلا ( ڕەئوف ) _ پیاوێ باڵا بەرزو باریك وبەتەمەن داچو ، وا لەبەر چاومە لە سەر بان خانووە گەورەکەیان لەبەر خۆری بەهارو عەسرانی هاوین لە بێ هێزی ونەخۆشی رادەکشا لە پاڵ سەری شەربەیێکی مڵ درێژو جامەکی بچوك بۆ ئامادەدەکرا _ پاش چەند ساڵێ کەم یونس بە دڵ وەستان لەهەولێر لە تەمەنی سی ساڵی ( 948 ) کۆچی دوایی کرد ، لە ساڵانی هەشتاکان (سمکۆ) تاکە کوری ئاسەف جوانەمەرگ بو بەگوللەی لابەلا لە کاتی کوشتنی ( حەوێزی مام یەحیا ) سەرۆکی دەستەی جاشەکانی کۆیە -- حەویز دەوڕاست وناسراوی بەرەبابی مام یەحیا بو لەکۆیە ، پیاوێ چوست وروخۆش ودەست بڵاو گشت رۆڵەکانی کۆیەی بە ئامۆزا ناودەبرد تەنانەت خۆشی بە حەوێز ئامۆزا دەناسرا ، ئامۆزا بەدەستی پێشمەرگە کوژرا بەڵام ئەوەندەی من شارەزای بووم ئەم پیاوە زۆر دەستی هەبو لە یارمەت دانی خێزانانی لێقەوماوی بزوتنەوەی گەلی کورد وبنکەکانی پێشمەرگەی دەراوپشتی کۆیەوهەولێر لە هەمان کات کەم ئەفسەری سوپای عیراق وپۆلیس ودەسەلاتداری حکومەت لەم ناوچەیە چاوشۆری حەوێزی مام یەحیا بە پارەودیاری ودەستبلاوی خۆی نەبوون ، ڕۆژێ لە هەولێر بەیەك گەیشتین یەکسەر ووتی ئامۆزا بەسەری ئامۆزات دوێنێ یەك لۆری ئاردوئازۆقەم بۆ بنکەکانی پێشمەرگە رەوانەکرد ، لەم بروایەبوم راست دەکات .

لەراستی دا بەدرێژایی شۆرش وبزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد گەلێ دەسەلاتدار بەهەر شێوەیەك بوبێت هەوڵیان داوە لە پاڵ حکومەتەوە یارمەتی شۆرش کەم وزۆر بدەن ، هەندێ لە پێناو بەرژەوەندی خۆیان هەندێ لەترس

وزەبرودەسەلاتی شۆرشگێران هەش بو لە پێناو کوردایەتی ، بەهەرحاڵ ئێستاش نازانم بۆ حەوێز ئامۆزا کوژرا لە کاتێ گەڵێ پیاوی خوێنرێژی حکومەت دژ بەشۆرش ونەتەوەی کورد وئادەمیزاد لە شەقامەکانی هەولێروکۆیە دەسورانەوە ...

بابێنەوە سەر کارەساتەکەی خێزانی مەلا رەئوف , وابو کوری هەرە بچوکی (مەجید ) مامۆستای سەرەتایی کۆچی دوایی کرد ئینجا بەماوەکی کەم ( نەسرین ) ی کیژە گەورەی ئاسەف لە هەولێر بەدوای دا نەرمینی خوشکی ، تا ئەم ساڵەی بەغدام جێ هێشت کیژی هەرە بچکوکی ئاسەف (  پەروین ) بەرژیان بوو لە هەولێر ، ئەبێ ئەوەش بزانین مەلا رەئوف سێ کوری  جەواد وسەعدی وحمید هەبوون ، جەواد  وەك دڵدار باس دەکات زۆر زو ئەمری من بەش بەحاڵی خۆم نەمدییوون . نەرمین لەسالانی حەفتاکاندا لە سەدەی رابووردو لەم کات – جێگری سەرنوسەربووم لە دەستگای روشنبیری وبلاوکردنەوەی کوردی لە بەغدا بۆ ماوەی سێ ساڵ گۆڤاری ( روشنبیری نوێ )م تێیدا بلاوکردەوە --   دەست خەتی دیوانەکەی دڵداری مامی بۆ ناردم بە ئومێدی وەی بەچاپی برەسێنم بەداخەوە لەم ماوەیە بۆم نەکرا ، ئەوەندەش ئاگاداربوم ماوەی چەندین ساڵ کەوتوبوە دەست دکتۆر مارف خەزنەدار بێ ئەوەی بە چاپی بگەیێنی هەرچۆنێك بێت ئەدیب ومامۆستا عەبدولخالق عەلائەدین لە ساڵی983 بەم کارە پیرۆزە هەڵسا دیوانەکە کەوتە دەست رۆلانی گەڵی کورد .  گیوی موکریانی پێشتر دو جار دیوانەکەی دڵداری بە چاپ گەیاند لەماوەی دە ساڵ گەرچی جێ شانازیە بەلام لە گەڵێ روو کەم وکورتی هەبوون .

تا دایکم لە ژیان دابو دۆستایەتی وهاموشۆ کردنمان لە گەڵ ماڵێ ئاسەف زۆر گەرم وبەردەوام بوو لەگەڵ سمکۆ تا درەنگی شەو زۆربەی لەماڵی یەکتر بە یەکەوە رامان دەبوارد ، هاوینێ 946 یا 947 لەگەڵ مامە یونسی سەردانی هەولێری کرد لە گەرانەوە یان بە دیاری فرچەو مەعجونی ددانی بە دەست سمکۆ بۆ رەوانە کردم هەروەك بۆ سمکۆی کری بو  هەڵبەتە یەکەم جارم بو چاووم بەم شتانە بکەوێت و بە کاری بێنم ..

بێگومان کۆیە گەڵێ شاعیری دیکەی لێ هەڵکەوتووە لە مانەی لەیادە : ( ئەحمەد دلزار )

لەخێزانێ حەوێزیان ئەندامی پێشکەوتووی حزبی تەحەرور لێپسراوی کتێبخانەی کۆیسنجاقی سەر بەم حزبە برای لە خۆ بچوکتر – کەریم شارەزا – مامۆستاو نوسەرو ئەدیب و روشنبیری ناسراو خاوەنی سەدان باس و وتاری مێژووی وئەدەب وبابەتی دی ، ( عوسمان عەونی حەبیب ) رۆشنبیرو ونشتمان وکوردپەروەر ئەندامی پێشکەوتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شاری کۆیە هەروها ( عەسمان پشکۆ ) لە خێزانی مام یەحیا برازای حەوێز ئامۆزا لاوێ ڤیشت ولێوەشاوە وقسەزان ومەسرەف خۆش ، ( رۆستەم حەوێزی ) شیعرەکانی گاڵتەو گەپ بەرەو مەنەڵۆج دادەشکان ، گەڵێ شاعیری دی شارەزایان نەبووم یا لەم ساتە لەبیرم نین .

تایەرتۆفیق لە گۆرانبێژە هەرە بەناوبانگەکانی نەك هەرشاری کۆیە بەلکو سەرتاپای کوردستان لە قەلەم دەدرێ ، من وای بۆ دەچم تا ئەم رۆژگارە گۆرانبێژێ وەك تاهیر لە کوردستان هەڵنەکەوتووە  لە هەمان کات تایەر مرۆڤێ کوردپەروەرو سەنگین ورێزدارو خۆشەویست بو لەلای جەماوەرو خەڵکانی کوردستان ، جگە لە مەقام وگۆرانی دەستی بالابو لە دانانی ئاواز بۆ گەڵێ سرودی نشتمانی لەمان – شیرین بەهارەی ئیبراهیم ئەحمەد ,گوڵی سەربەستی ، هێزی گەڵ هێزی خەبات و راپەرین ، داری ئازادی وگەڵێ دی لەناو دڵی رۆلانی کورد چەسپی بو ، دەنگی تاهیر تام وچێژی تاییەتی خۆی هەبو هەروها تایەر د وو خسڵەتی  جیاوازی هەبو لە گەڵێ گۆران بێژانی کوردی کۆن ونوێ یەکەمیان گۆرانی وگۆرانی بازی لە دیوەخانەکانی ئاغاومیرو دەسەلاتداران دورخستەوە دووەمیان هەرگیز بەسەریەکێ لەمانەی کۆن ونوێ هەڵنەگوتووە تەنیا رۆڵەی گەڵی کورد بووەوهەر لە خزمەت ئەم گەڵە ژیانی بردەسەر ، لە نێوان سالانی 972 /945  سەدان گۆرانی لە ئیستگەی بەغدا بلاوکردەوە . تایەر بە دەساڵ لەمن بە تەمەنتربو بۆیە هەرلەمندالیمەوە دەنگ وچریکەوئاوازی تایەری ناورەزانی رۆژانی سەیرانەکانی بەهاری کۆیەو ئاهەنگەکانی نەورۆز و خێزانانی تاییەت

له گوێم دا دەزرینگێنەوه . ئەوەندەی تایەر له نیزیکەوه بناسم ، پیاوێ قسەخۆش وگاڵتەچی و روونەرم لەگەڵ حەیران بیژی ناسراوی کورد –رەسول گەردی – و مەقامبیژ –حەیدەره کەچەڵی هەولێری – زۆر دۆستایەتیان خۆش بو ، به سەدان جار سێ قۆڵی لەناو هەولێر وهاوینەهەواری پیرمام وشەقلاوەو گەڵی عەلی بەگ وجندیان وحاجی ئۆمەران ودەراوپشتی به دەنگ وسەدا روبەروی دۆڵ ولوتکه

چیا رەنگینەکانی کوردستان بوون . نەخۆشی شەکر لەدوا سالانی ژیانی پەریشانی کردبوو تا لەکۆیه ساڵی 987 کۆچی دوایی کرد .

له گۆرانبێژیانی ناسراو له کۆیه – هەڵبەته له دەورانی من – سێوه دیان – بەراستی مەقام وحەیرانبێژێ لێوەشاوەوبەرێزوخۆشەویست بو له گەڵێ ئاهەنگ وسەیران وبونەکانی شار بەشداری دەکردوخۆی دەنواند ، سێوه به حەیرانی " سەحەره " زۆر ناسراو ناوبانگی دەرکرد ، حەیرانەکه کەوته سەرزاری خەڵکانی کۆیه . مەلا ئەسعەد به مەقامی ئایینی ناسرابو لەبونه ئایینیەکان وئاهەنگه تایبەتیەکانی خێزانی لەگەڵ تیمێ دەف ژەن دەیچڕاند ، گەڵێ جار لەگەڵ تایەرو گۆرانبێژانی دی هاوبەشی دەکرد .. ئەحمەد حەمەمەلا دەنگ وسەدای زۆر بەهێزوبه جۆش بوو، لەبۆنه تایبەتیەکانی خێزانانی ناسراوونێزك ودۆست یا لەدانشتەکانی له گەڵ تایروبرادەرانی ئەیچڕاند، ئێمه پەیوەندی ودۆستایەتی وهاموشۆیەکی تایبەتیمان لەگەڵ خێزانی ئەحمەدوبەرەی باوکی هەبوو لەهەمان کات ماڵەکانمان زۆر له یەك نیزك بوون ، عەبولسەلام عەزیز که خاڵی وریا ی کوری ئەحمەدی حەمەمەلا هاوتەمەن ودۆست وبرادەرێ زۆر بەتێن بووین بەڕادەیەك گەڵێ له خەڵکانی کۆیه به ئامۆزای راستەقینەیان لەقەلەم دەداین ، باوکی عەبدولسەلام پۆلیسی سواره بوو، له یادمه شەوێ مانگه شەو – هێسترەکەیان – لەنێو تەویله تۆپی ، سەدان سەڵاوەت وئەڵاهوئەکبەر بانگ دڕا ، به گوریس لاشەکەیان کێشا بۆدەرەوەی شار لەم کاته مەلای گەرەك به دوا سەڵەواتان له ماڵ دەرپەڕی کەزانی مردووەکه هێستره .. ! زۆر توڕەبو خەڵکەکەی کپ کرد له سەڵەوات دان و ئەڵاهوئەکبەرو بلاوەی پێکردن

.. عەبدولسەلام له پەنجاکان له سەدەی پێشو له خانەی مامۆستای سەرەتای – دارالمعلمین الابتدائیه – له بەغدا دەیخوێند ، رۆژێ سەردانیم کرد له گەرەکی " عقد النصاری " واته گەرەکی مەسیحی یەکان ، پیاوێ بەتەمەن مام ناوەندی دشداشه لەبەر له ماڵ خەریکی چێشت لێنان بوو بەدوایی بۆم دەرکەوت که یەك له ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عیراق بوو بەناو " ابوالعیس " خۆی لای عەبدولسەلام حەشاردابو ، هەر لەم ساڵ عەبدەلسەلام له بەندیخانەکانی بەغدا گیرا‌و دەستی له خوێندن کێشرایەوه پاش بەربونی بەساڵێ بۆی روخساو خوێندنی تەواو کرد بو بەمامۆستای سەرەتایی ووازی له حزبی شیوعی هێنا . ئەوەی راست بێ ئەم پیاوه وەفاداره له ئێمه نەپچڕا گەرچی بارودۆخی ژیانمان و وەزعی کوردستان بەردەوام له ئاڵوگۆر دابو وابزانم چەندین ساڵه به خێزانەوه له ئەوروپا نشتەجێن .

دوا وتەم لەبارەی هونەر بەگشت بابەتەکانیەوه له شاری کۆیه بەتایبەتی هونەری ئاوازو مۆسیقاو گۆرانی له کۆنەوه ئەستێرەکی پڕشنگداربووه وخاوەنی رێبازوتایبەتمەندی خۆی بوو له م بواره دا بۆیه تا ئەم رۆژگاره مۆرکی ئەم هونەره جوانانەی لێ بەدی دەکرێ .

له پیاوانی ناسراو له شاری کۆیه " تاهیر چەلەبی " بازرگانێ بەناوبانگ پارەداروخاوەن سەروەت و سامانێکی زۆر ، یەکەم بازرگان بو نوسینگەی بازرگانی له بینا دوونهۆمەکەی خوارەوەی بازار کردەوه بۆ یەکەم جار سجلی ئوستازو پسولەو دەفتەری جۆراوجۆری له مامەلاەکانی کرین وفرۆتن بەکارهینا ، بەبازرگانێ راست ورەوا ناسرابوو زۆربەی مامەلاکانی بازاری رانیەوپشدەروهەولێروکەرکوکی گرتبۆوه ، ئەم پیاوه لەدووژن بیست ویەك کوروکیژێکی هەبوو ، مناڵه بچوکەکانی لێك نەدەکردەوه ، دەیانگێڕاوه که مناڵەکانی لێ دەکەوتنه فێڵ وادەبوو بەیانیان دووسێ جار

رۆژانەیان لێ دەساند ..! باوکیان هە ندێ دەستی قورس ونەکراوەبوو ..! دکتۆر رەفیق کوری هەرە گەورەی بوو ، حەمیدی کوری ئەفسەری تۆپچی بوو لە ئەرتەشی عیراق لەگەڵ گەڵێ ئەفسەری کورد دەورێکی ئازایانەیان لەشەری فەلەستین ساڵی 947 نواند ، لە گشت کورانی هەر عەبدولسەمەد ماوەیی هاوقوتابیم بوو هەر لە تەمەنی لاوی دا گیانی لە دەست دا .بەبۆنەی ناوبردنی تایەرچەلەبی لە یادمە ئێوارەیەکی پێش نەورۆزی – وابزانم ساڵی 947 – " عەلی عەبدولا " ئێمەی دە پانزدە قوتابی سەرە تایی لە نهۆمی دووەمی بیناکەی تایەر چەلەبی کۆکردینەوە بۆ مەشق کردن لەسەرشانۆیەك لەبارەی پەرلەمانی عیراق بۆ ئەوەی لە ئاهەنگی نەورۆز پێشکەش بە جەماوەر بکرێ ، مام جەلال وتاری بەرەی ئە پۆزیسیۆنی دەخوێندەوە لەلایەکی دی ئەندامانی بەرەی حکومەت هەندێ خەو بردوونیەوە هەندێ خۆیان دەخوراندو دەپشکینیەوە وئەسپێیان دەکوشت ئیتر بەم شێوە جەماوەر دەدەن لە قاقای پێکەنین ، هەڵبەتە مەبەست لە وتارەکەی مام جەلال راگەیاندنی ئامانج وئاواتی گەلانی عیراق بەگشتی گەلی کورد بەتایبەتی لە هینانەدی مافە نەتەوەیی ودیموکراسی مەبەست بوو هەروها دروشمەکانی سیاسی ونەتەوەیی پارتی لەنێومیللەت بلاوبێتەوە لەلایەکی دی هەوڵدان بو بۆ رسواکردنی ئەندامانی کۆنە پەرست ونۆکەرانی ئیمپریلیزم و ئاغاو دەرەبەگ لە پەرلەمان ، لە یادمە من پێشنیارم کرد کەجموجۆلی نوێنەرانی بەرەی حکومەت لە شانۆیەکە کەم بکرێتەوە بۆ زیاتر سەرنج کێشان بۆ وتارەکەی مام جەلال کە مەبەستی سەرەکی بوو لە پێشکەش کردنی شانۆیەکە ..

ئەندازیار " رەشید عارف " کوردپەروەررێزداروبە سەخاوەت لە ساڵانی پەنجاکان لە سەدەی رابوردو لە بەغدا کۆمپانییەکی گەورەی بەناو " مقاولات رشید عارف وشرکاو ە " دامەزراند ، بۆماوەی چەندین ساڵ بەسەدان پیاوگەنجی کورد بە فەرمانبەرو کریکار لەم کۆمپانیە حەواندەوە بە چاوێ فرەوان تەماشای دەکردن ویارمەتی دەدان پاش کۆچی دوایی تا ئەم ساڵانەی دوایی پلاکاردی کۆمپانیەکەی لەبەری کەرخ بە قەد دیواری بیناکەی مابۆوە گەڵێ رۆژ لە گەرانەوەم دا بۆ ماڵ بە تەنیشتی رەت دەبوم ، رەشید عارف گەرچی وجاخ کوێر بو بەڵام هەمیشە وتوویەتی گشت نەوەورۆڵانی کورد وجاخی منن بەڵێ بەراستی ئەم وتەی بە کردەوە هینایە دی وابو سەدان قوتابی کورد لەناوعیراق ودەرەوەی وڵات لە حیسابی ئەم پلەی بەرزی خوێندنیان تەواو کرد ، بیستم بەم قوتابیانەی دەگوت : گەرئیوە پیاوبن کەدەستی خۆتان دیت هەرنەبێ قوتابیە کوردی هەژار پێبگەیێنن . [ ساڵی 960 /961 لە مەهرەجانی هەشتەمینی یەکێتی لاوانی دیموکراسی لە دونیا ] لەگەڵ نوێنەرانی یەکێتی دیموکراسی لاوانی عیراق – یەك لە رێکخراوەکانی فرەوانی حزبی شیوعی عیراقی _ بۆماوەی دووحەفتە لە " ڤیەننا " پایتەختی ئۆستریا هاوبەش بووم _ لەم کات سکرتیریەتی نەقابەی مامۆستایانی لقی هەولێرم پێراسپاردرابو – لەم مەیانە لە ئاهەنگی " کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد " لە ئەوروپا کە بۆ پێشوازی لە نوێنەرانی کورد لە مەهرەجان سازدرا بەخزمەت " رەشید عارف " گەیشتم هەر بەم بۆنەوە کەمال فوئاد [ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نشتمانی کوردستان – یا وریا ئەمین رەواندوزی – چاك لە یادم نیە – کە هەردوکیان لەم کات لە ئەورپا ئەیان خوێند – دوا ژمارەی گۆڤاری " کوردستان " کۆمەڵەی خوێندکاران دەری دەکرد بەسەر ئامادەبوان دابەش دەکرد ، نازانم چۆن دانەی رەشید عارف دواکەوت ئەویش بە پێکەنینەوە وتی : برا کوا دانەی من .. درێخیم کردوە لە خەرجی گوڤارەکەتان ...!!؟ ئیتر هەمولایەك دایانە قاقای پێکەنین ، هەستم کرد بە مامە رەشید ناویان دەبرد ، رەشید عارف زۆربەی ژیانی لە دورە وڵات بردە سەر بە تایبەتی لە ڤیەننا .

کەسایەتێکی دی شاری کۆیە ی ناسراو " عومەر مستەفا " دەرچوی کۆلیجی مافەکان ( الحقوق ) لە بەغدا لە کۆتای ساڵانی چلەکان هەر بەلاوی نشتمانپەروەری لێ بەدی کراوە و لەئەندامانی چالاك و پێشکەوتوی پارتی لەقەڵەم دراوە تا گەیی بە مەکتەبی سیاسی ، حزبایەتی ودۆستایەتی لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد ومام جەلال وبەرەی مەکتەبی سیاسی بەردەوام بو هەروها پاش دامەزراندنی یەکێتی نشتمانی کوردستان ساڵی 976 – هەروەك بیستومە– لە پلەی

ئەندامی مەکتەبی سیاسی بو ، عومەر مرۆڤێ چوست وچالاك و دڵسۆز لە پێناو رزگاری گەڵی کورد هەمیشە شایانی شانازی گەڵی کوردە ، ماوەیەك بەکاروباری پارێزەریەوە خەریك بو وەك پیشە لە هەمان کات پارێزەری حزب و نەتەوەکەی خستبوە ئەستۆی خۆ ، لە راپەرینی گەڵی عیراق ساڵی 948 ناسراو بە " الوسبە " چالاکی ونەبەزی تەواوی لە خۆپێشاندانەکانی خەلکی بەغدا دژ پەیمانی " پۆرتسمۆس " نواندبوو بەدەستی پۆلیس زامداربوبو هەر بەم بۆنەوە نازناوی " دەبابەی " بەسەردابرا ، دەبابە رۆڵ ودەورەکی زۆر گرنکی لەسەرەتای بەرپابونی شۆرشی گەڵی کورد ساڵی 961 نواند ماوەیەکی زۆر رابەری کەرت وهێزەکانی پێشمەرگەی بە ئەستۆوەگرت عومەر مرۆڤێ بەرێزوخۆشەویست ودەم بە پێکەنین مام جەلال ناوی عومری بە کاکی کاکان دەبرد ، لە سوریا بە دڵ وەستان کۆچی دوایی کرد

مەلا مەعسوم – باوکی دکتۆر فۆاد ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نشتمانی کوردستانی ، کورد پەروەروئەدەب دۆست ورێزدار ، ماڵ ومزگەوتی لە گەرەکی " هەواوان " لە گەڵ ماڵی ئێمە دوورنەبوو چەندجارێ لەگەڵ برا گەورەم – کەمال – بە خزمەتی گەیشتووین ، وەك لەکاتی خۆی باس دەکرا زیاتر هۆگری عیلم وزانیاری وئەدەب و خەمخۆری کێشەی نەتەوەکەی بووە بەرادەیەك ئەم لایانەی لەدەرسە ئاینیەکانی ووتوویژی بەراشکاوی لێی بەدی کراوە .

جگە لەمانەی ناوبران لەکەسانی کۆیە ، سەمەد محەمەد _ ناسراوبە سەمەد مەنجەڵ– دەمێك بو بە خاووخێزانەوە لە شاری کۆیە دەرچووبون ونشتەجێ بەغدا بوون ، بەش بە حاڵی خۆم لە نیزیکەوە بەخزمەتی نەگەیشتبووم ، وەك ئەمزانی دۆستایەتی لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد ومام جەلال زۆر خۆش بوو باسی زیرەکی ودەوراستی وچوستی وگاڵتەچیەتیان لێ دەگێیڕایەوە جگە لە کوردونشتمانپەروەریەکەی ، جارێ لەگەڵ پیاوێ بەعسی ناسراوی دەکەوێتە گفتوگۆ لە بارەی سنوری کوردستانی عیراق ناگەن بە هیچ لە ئەنجام دا سەمەد دەڵێ گەردەتەوێ سنوری کوردستان دەستنیسشان کەیت – حوشترێ لەبەغداوە بەرەڵا بکە بەرەو دێلتاوە (خالس ) بۆ کوردستان – حوشتر لە کوێ وەستا لە وێوە کوردستانە ....!

کاکەی حاجی مەحمود لە بازرگانەکانی ناسراوی کۆیە بوو ، پیاوێ لێوەشاوەوزیرك ودەستبلاو زۆر زو وەك گەڵێ بازرگانان بە خێزانەوە لە کۆیە دەرچوو ئەم بۆ شاری کەرکوك لەوێش بۆ بەغدا ، زۆر مەراقی قوماربو ساڵێ چەندین جار بۆ قومار سەفەری لوبنانی دەکرد بە هەفتەو مانگ لە لوبنان دەمایەوە ، گێڕایانەوە جارێ لە کۆنترۆلێکی پۆلیس لە رێگای بەغدا لە ئیش وکاری ئەتۆژنەوە یەکسەر ئەڵێ : قومارچی ، پۆلیس ئەحەپەسێ وبەرێ دەکات ، لەگەڵ وەش وەنەبێ دوربوبێ لەبزوتنەوەی سیاسی گەڵی کورد ، دۆستایەتی خۆش بووە لەگەڵ کاکە زیاد و پیاوانی پارتی ئەم سەردەم . کوری گەورەی ( مەجید ) دانشتووی بەغدا پیاوێ هێمن و روشنبیرو نشتمانپەروەرو چەپرەو چەندین جار لە زەمانی پاشایەتی و بەعسیەکان بە تومەتی شوعیەت بەند کراوە ، کوری دی زۆر بوون لەمان ( نەوزاد ) زۆر بزێوو زیرەك ناسراوبو کە لە حکومەت دەستی دەرۆیشت .

لە ناسراوانی دی کۆیی – شێخ سەدرەدین – لە شێخانی برزنجە – لە گەرەکی بایزاغا تەکیەداربو ، شیخ فاتیح هەرە کوری گەورەی بوو براکانی لە خۆ یچووکتر شێخ حەمیدوعومەرو مەزهەرو عەبدولکەریم بە گشتی خێزانێ رێزدارونشتمانپەروەر زۆربەیان ئەندام و دۆستی پارتی بوون ، بەش بەحاڵی خۆم زۆر لێن نزیك بووم بەتایبەتی دۆستایەتی پەیوەندیم لەگەڵ! مەزهەر زۆر پتەو بو کۆلیجی کشتوکاڵی لە بەغدا تەواو کرد بەلاوی بە دڵ وەستان لەهەولیر کۆچی دوایی کرد لەپێش خوی برا ی عەبدولکەریم بە نەخۆشی گونچیلە تا لە ولات بووم شێخ حەمیدوعومەر بەرژیان بوون .

شێخ – نەجمەدین – ئەمیش هەرلە شێخانی برزنجە – نەم بیست بوو کە خاوەن تەکیە بێت – پیاوێ زۆر رێزدارو هێمن کوری گەورەی –شێخ بورهان _ بە یەکەوە – خانەی مامۆستایانی بالاّ – دار المعلمین العالیە – لە بەغدا تەواو

**کرد دۆستایەتیم زۆر بو لەکەڵ بورهان هەروەك بەیەکەوە لە گەڵێ قوتابخانەکانی ناوەندی هەولێر مامۆستابوین لە هەمان کات شێخی باوکی هاموشۆی نوسینگاکەی باوکمی دەکردودۆستایتیان گەرم بو ..**

**دوا وتەم لەم بەشە ئەڵێم : خەباتی گەڵی کورد لە باشوری کوردستان لەم سەردەمەدا لە خەباتی سەرتاپای عیراق جیا نەدەکراوە ، پارتی وزۆربەی سیاسەتمدارانی کورد لە چوارچیوەی عیراق دەسورایەوە – " رزگاری گەڵی عیراق و سەربەخۆی راستەقینەی وپچڕان لە رەورەوەی ئیمپریالیزم ونۆکەرانی ، هینانەدی مافە نەتەوەیی ودیموکراسیەکان " راستەوخۆ گەڵی کوردی دەگرتەوە لە واقع دا گەڵی کورد لە دووقۆڵ خەباتگێڕێ سەخت بو ، خەباتی نشتمانی لە ئاستی عیراق و گەڵی عیراق بە گشتی لەلایەك خەباتی نەتەوایەتی بۆ هینانەدی مافە رەوا کانی نەتەوایەتی بۆ گەڵی کورد وبەربەست کردنی هەرهەوڵدان وپیلان و بیروباوەرێ بە مەبەست لەناوبردنی گەڵی کورد وتاوانەوەی بە هەرئیدعایەك و رێبازێ بێت لەلایەکی دی .. گەرچی شۆرشی چواردەی تەموزی 958 لە سەرەتا گەڵێ ئامانج و ئاواتی گەڵی عیراق – سەربەخۆی راستەقینەورزگاربوون لە ژێر باری ئیمپریلیزم و پەیوەندیەکانی لە هەمان کات هینانەدی سیستەمی دیموکراسی تا رادەیەکی زۆر بۆ گەڵی عیراق وگەڵێ دەستکەوتی نشتمانی دی – ، بەڵام لەبارەی کێشەی کوردومافەنەتەوەیەکانی بە هیچ نەگەیشت بە پیچەوانە بەناچاری گەڵی کورد رووی کردە خەباتی چەکداری وشۆرش دژ حکومەتی عەبدولکەریم قاسم لە سەرتاپای کوردستان لە مانگی سەبتەمبەری ساڵی 961**

**ماوێتی**